Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

**Aran Journal for Language and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-22

# کاریگەریی وانەگوتنەوە بابەتی خوێندنەوەی کوردی بە ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ لەسەر گەشەپێدانی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لە لایەن قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا

**(توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر)**

**صلاح محمدطاهر محمدعلي[1]، ســتــار جــبــار حــاجي[2]**

1. بەشی ،پەیمانگەی تەکنیکی بەردەڕەش، زانکۆی ئاکرێ بۆ زانستە کرداریەکان، هەرێمی کوردستان – عێراق
2. بەشی ،کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی زاخۆ، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **June, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **Novemer, 2025** |

**Keywords**

**کاریگەری،ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ، خوێندنەوەی کوردی، گەشەپێدانی ئارەزوو، قۆناغی بنەڕەتی.**

**Corresponding Author**

salahsaid360@gmail.com
sattar.haji@uoz.edu.krd

## پوختە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری وانەگوتنەوە بابەتی خوێندنەوەی کوردی بە ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕە لەسەر گەشەپێدانی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا، قوتابی/ توێژەر پشتی بە دیزاینی ئەزموونگەری دوو گرووپی هاوسەنگ بەست، کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەموو قوتابیانی کوڕ لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە سەنتەری قەزای بەردەڕەش، کە سەر بە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی قەزای بەردەڕەشن بۆ ساڵی خوێندنی (2024 - 2025) کە پێکهاتبوو لە (557) قوتابی کوڕ، توێژەر بە مەبەستی دیاریکردنی سەمپڵی توێژینەوەکە، بە مەبەست دوو قوتابخانەی هەڵبژارد، ئەوانیش قوتابخانەی (بەردەڕەشی بنەڕەتی کوڕان) و (سەنگەری بنەڕەتی کوڕان)بوون، بە شێوەی هەڕەمەکی قوتابخانەی (بەردەڕەشی بنەڕەتی کوڕان) بوو بە گرووپی ئەزموونگەری و (سەنگەری بنەڕەتی کوڕان)یش بوو بە گرووپی کۆنترۆڵکار، بە شێوەی هەڕەمەکی لە قوتابخانەی (بەردەڕەشی بنەڕەتی کوڕان) هۆبەی (ب) بوو بە گرووپی ئەزموون ژمارەی قوتابیەکانی (20) قوتابی بوو، لە قوتابخانەی (سەنگەری بنەڕەتی کوڕان)یش هۆبەی (ب) بوو بە گرووپی کۆنترۆڵکار ژمارەی قوتابیەکانی (22) قوتابی بوو، گروپی ئەزموونگەری بە پێی ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ و گروپی کۆنترۆلکاریش بە پێی ڕێگای ئاسایی وانەیان پێ وتراوەتەوە، توێژەر پێوەرێکی ئارەزوو بۆ خوێندنەوەی ئامادەکرد بە مەبەستی پێوانی ئارەزووی قوتابیان بۆ خوێندنەوە، پێکهاتبوو لە (28) برگە، پێوەرەکەی لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەزموون و دوای تەواوبوونی ئەزموونیش بەسەر هەردوو گروپی جێبەجێکرد، لە دوای دەرهێنانی ناوەندە ژمێری بۆ نمرەکانی جیاوازی گەشەکردنی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لە پراکتیککردنی پێشی و پاشی بۆ هەردوو گروپ و مامەڵەکردنی ئاماری لە گەڵ داتاکان، لە ئەنجامدا دیاربوو جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە، لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەی جیاوازی گەشەکردنی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لای قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوە و لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەریدابوو.

## پێشەکی:

## ناساندنی توێژینەوەکە

## کێشەی توێژینەوەکە:

کرداری فێرکردن و فێربوونی بابەتەکانی خوێندن بە گشتی و بابەتەکانی زمانیش بە تایبەتی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە رووی پەروەردەییەوە و لە جیهاندا تووشی گیروگرفت و کێشەی زۆر دەبنەوە، زمانی کوردیش بێبەش نەبووە لەو گیروگرفت و کێشانە، لەوکاتەی کە توێژەر بڕیاریدا توێژینەوەیەك ئەنجامبدات لە قۆناغی بنەڕەتی لە بابەتی خوێندنەوە و ڕێزمانی کوردی، سەردانی چەند قوتابخانەیەکی قۆناغی بنەڕەتی کرد و چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژمارەیەك لە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و مامۆستایانی بابەت ئەنجامدا، پاش ئاراستەکردنی چەندین پرسیار دەربارەی کێشەی فێربوونی ئەم بابەتە و حەز و ئارەزوویان بۆ بەشەکانی ئەم بابەتە، دیاربوو ئەوان ئاماژەیان بەوەدا کە ئاستی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی خوێندنەوە زۆر لاوازە و وەکو پێویست نییە، کە ئامانجی گوتنەوەی ئەم بابەتە بهێنێتە دی، حەز و ئارەزووشیان بۆ بەشەکانی ئەم بابەتە لە ئاستی خوازراودا نییە.

پاشان بەمەبەستی دڵنیابوونەوە دەربارەی هەبوونی ئەم کێشەیە توێژەر بەهەڕەمەکی سەردانی چەند قوتابخانەیەکی بنەڕەتی کرد و ئامادەی چەند وانەیەکی ئەو مامۆستایانە بوو کە بابەتی خوێندنەوە لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتی دەڵێنەوە، لەکاتی گوتنەوەی بابەتەکە لە لایەن مامۆستاکانەوە بەو شێواز و ڕێگا کۆنانە، دەرکەوت کە مامۆستاکان لە پۆلدا چەقی سەرەکی پرۆسەی فێرکردن بوون و قوتابیانیش تەنیا گوێگربوون و وەکو پێویست بەشدارییان لە چالاکییەکانی پۆلدا نەدەکرد، بە ئاشکرا بە قوتابیەکانەوە دیاربوو، کە ئارەزوویان بۆ ئەم بابەتە وەکو پێویست نەبوو، کە ئەمانەش کار دەکاتە سەر ئاستی دەستکەوتی قوتابی لە بابەتی خوێندنەوە، کە ئەمانەش خۆی لە خۆیدا کێشەن و پێویستی بە چارەسەرکردنە.

دواتر بۆ دڵنیابوونەوەی زیاتر لە هەبوونی ئەم کێشانە، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی سەردانی سێ قوتابخانەی بنەڕەتی [1] لە سنووری سەنتەری قەزای بەردەڕەش کرد، لە هەر قوتابخانەیەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی (5) قوتابی لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتی دیاریکرد بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لەگەڵ بکات دەربارەی ئارەزوویان بۆ بابەتی خوێندنەوە، توێژەر چەند پرسیارێکی ئاراستەی قوتابییەکان کرد لەسەر حەزوو مەیل و ئارەزوویان بۆ خوێندنەوە، دیاربوو کە هەموویان حەزوو ئارەزوویان بۆ بابەتی خوێندنەوە بە شێوەیەکی گشتی لاوازبوو.

قوتابی/ توێژە بەپێی ئەو چاوپێکەوتنانەی، کە لەگەڵ مامۆستایان و قوتابیانی ئەو قوتابخانانە کرد و ئامادەی هەندێک وانەبوو و گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بە گشتی ئارەزوویان بۆ بابەتی خوێندنەوە لە ئاستی خوازراودا نییە، ئەمەش کار دەکاتە سەر ئاستی دەستکەوتی قوتابیان لە بابەتی خوێندنەوە.

هەر بۆ ئەم مەبەستە پێداچوونەوەی لە سەر چەند توێژینەوەك کرد، کە لەم بارەیەوە ئەنجامدراون، وەکو توێژینەوەکانی (رشید، 2015)، (محەمەد، 2015)، (شێروانی، 2015)، دیاربوو ئەوانیش ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە ئەو ڕێگا و شێوازە کۆنانەی مامۆستا بەکاریدەهێنێت، یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی، کە وادەکات قوتابی حەز و ئارەزوو و مەیلی بۆ بابەتی خوێندنەوە لە ئاستی خوازراودا نەبێت، ئەمەش کاردەکاتە سەر کەمکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابیان لەم بابەتدا.

لەژێر ڕۆشنایی ئەوانەی کەلەپێشدا باسکران، توێژەر گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە ئامانجەکانی گوتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی بۆ قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە ئاستی خوازراودا نییە، لەبەر ئەوەی ئارەزووی قوتابیان بۆ ئەم بابەتە لە ئاستی خوازراودا نییە، ، بەشی هەرە زۆری ئەم کێشانەش پەیوەندیی شێواز و ڕێگا و ستراتیجییەتی وانەگوتنەوە هەیە، بۆیە توێژەر بە گرنگ و پێویستی زانی، کە ستراتیجییەتێك تاقیبکاتەوە، کە ئامانج و مەبەستەکانی بابەتی خویندنەوە بهێنێتەدی، کە هەندێ لە ئەدەبیاتی وەکو (حاجي و الديرشوي، 2019: 130 - 131)، (الموسوي و شرهان، 2020: 363)، (السلطاني و محمد، 2020: 193 ، 198) و توێژینەوەکانی هەریەکە لە (الادغم، 2004)، (حاجی، 2008)، (حاجی، 2015) دووپاتیان لەسەر گرنگی و بەکارهێنانی ئەو ستراتیجییەتە کردۆتەوە لە هەندێ لە بابەتەکانی خوێندندا، ئەو ستراتیجییەتەش (ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ)ە، کە توێژەر بەکاریدەهێنێت بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی گوتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، هەروەها بەمەبەستی ئەوەی گەشە بە ئارەزووی قوتابیان بەرامبەر بە بابەتی خوێندنەوە بدات.

## قوتابی/ توێژەر کێشەی توێژینەوەکەی لە ڕێگەی ئەم پرسیارەی خوارەوە دەستنیشان دەکات:

1. ئایا گوتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی بە ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ گەشە بە ئارەزووی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بۆ خوێندنەوە دەدات؟

---

(1) ناوی قوتابخانەکان:
1. قوتابخانەی بەربنی بنەڕەتی تێکەڵاو/ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای بەردەڕەش.
2. قوتابخانەی کوردستانی بنەڕەتی کوڕان/ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای بەردەڕەش.
3. قوتابخانەی بەردەڕەشی بنەڕەتی کوڕان/ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای بەردەڕەش.

**گرنگی توێژینەوەکە:** قوتابی/ توێژەر پێی وایە، کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئارەزوو و بابەتەکانی خوێندن بە گشتی و بابەتی خوێندنەوە بە تایبەتی هەیە، بەو شێوەیەی، هەرچەندە گەشە بە ئارەزووی قوتابیان بدرێت بۆ فێربوونی بابەتەکانی خوێندن بە گشتی و بابەتی خوێندنەوەی کوردی بە تایبەتی، ئەوا باشتر قوتابیان هان دەدرێن بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری و تێگەیشتنیان لە بابەت، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابیان و بەدەستهێنانی ئاستی خوازراوی ئامانجەکانی فێرکردن و فێربوون.

ستراتیجییەتی (وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ) یەکێکە لە ستراتیجییەتەکانی دواوەی زانین(میتاکۆگنیشن)، کە جەخت لەسەر گەشەپێدانی کارامەییەکانی خوێندنەوە لای فێرخوازان دەکاتەوە، ئەم ستراتیجییەتە لە چەند هەنگاوێك پێکدێت، کە بریتین لە (پێشبینیکردن، پرسیارکردن، ڕونکردنەوە، پوختکردن)، هەریەك لەم هەنگاوانە بە کارامەییەك دادەنرێت، ڕۆڵی مامۆستا لەم ستراتیجییەتەدا ئاراستەکەر و ڕێنیشاندەر دەبێت (الموسوي و شرهان، 2020: 355).

ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ، وا لە قوتابی دەکات کە بەرپرسیارێتی فێربوونی خۆی لە ئەستۆ بگرێت و بتوانێت بە تەنها دەستی بە زانیارییەکان بگات، وا لە قوتابیان دەکات، زانیاریی نوێیان ببەستنەوە بەو زانیارییانەی کە پێشتر هەیانبووە، هەروەها کار لەسەر زیادکردنی کۆنترۆڵی قوتابیان دەکات لە پۆل. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە ئەنجامی توێژینەوەکان گرنگی بەکارهێنانی ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕیان پشتڕاستکردووەتەوە بە هۆی ئەو سوودە زۆرانەی کە بۆ قوتابیان هەیەتی، کە گرنگترینیان بریتین لە بەدەستهێنانی کارامەییەکانی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە هاوکاری و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە ئامانجەکانی گرووپی خۆی، هەروەها بەدەستهێنانی کارامەییەکانی گفتوگۆی باش لەگەڵ هاوپۆلەکانی یان مامۆستایان، هەروەها ڕێزگرتن لە بۆچوونی بەرامبەر( السلطاني و محمد، 2020: 86 ، 88).

**لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی کە لە پێشدا باسکران، توێژەر دەتوانێت گرنگیی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوە بخاتەڕوو:**

1. تاقیکردنەوەی هەر ستراتیجییەت و ڕێگایەك بۆ گوتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، کە قوتابی تێیدا سەنتەری پرۆسەی فێرکردن و فێربوون بێت و گەشە بە ئارەزووی قوتابیان بۆ بابەتی خوێندنەوە بدات و ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابیان، ئەوا گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە بۆ پێشخستنی گوتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی.
2. لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن بە تایبەتی لە وەزارەتی پەروەردە دەتوانن سوود لەم توێژینەوەیە وەربگرن، بە جۆرێك، کە زانیاریی تەواویان دەخاتە بەردەست لەسەر کێشەکانی گوتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی و چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بە بەکارهێنانی ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئالوگۆڕ بۆ گوتنەوەی ئەم بابەتە، ئەگەر توێژینەوەکە ئەنجامێکی ئەرێنی بەدەستهێنا.
3. پێوەری ئارەزوو بۆ خوێندنەوە، کە بۆ ئەم توێژینەوەیە دێتە ئامادەکردن، سوودێکی زۆری هەیە بۆ توێژەران و ئەو مامۆستایانەی کە بابەتی زمانی کوردی لە قۆناغی بنەڕەتی دەڵێنەوە، بە مەبەستی پێوانی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لای قوتابییەکانیان.
4. نەبوونی هیچ توێژینەوەیەك بە پێی زانیاری توێژەر کە کاریگەری ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕی تاقیکردبێتەوە لە سەر گەشەکردنی ئارەزووی قوتابیان بۆ خوێندنەوە لە بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا و دەبێتە یەکەمین توێژینەوە لە هەرێمی کوردستان و عیراق.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

- زانینی کاریگەری وانەگوتنەوە بابەتی خوێندنەوەی کوردی بە ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ لەسەر گەشەپێدانی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا.

## گریمانەی توێژینەوەکە:

- جیاوازی ماناداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەی جیاوازی گەشەکردنی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لای قوتابیانی گرووپی ئەزموونگەری، کە بابەتی خوێندنەوەی کوردی بە پێی ستراتیجییەتی وانە وانەگوتنەوە ئالوگۆڕ وەردەگرن و ناوەندە ژمێری نمرەی جیاوازیی گەشەکردنی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لای قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکار، کە هەمان بابەت بە ڕێگای ئاسایی وەردەگرن.

## سنووری توێژینەوەکە:

**سنوری بابەتی:** (13) بابەت لە بەشی خوێندنەوە و هۆزان لە پەرتووکی (خواندن و ڕێزمانا کوردی)ی بڕیارلێدراوی خوێندن بۆ پۆلی شەشەمی بنەڕەتی – لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان/ عیراق، بۆ ساڵی خوێندنی (2024 – 2025). (حکومەتا هەرێما کوردستانێ، 2024: 5 – 4).

**سنوری شوێنی:** لە هەردوو قوتابخانەی (سەنگەری بنەڕەتی کوڕان) و (بەردەڕەشی بنەڕەتی کوڕان) لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی بەردەڕەش، سەر بە بەڕیوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆك لە سەنتەری قەزای بەردەڕەش.

**سنوری کەسی:** قوتابیانی کوڕ لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتی/ دەوامی بەیانیان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی کوڕان لە سەنتەری قەزای بەردەڕەش.

**سنوری کاتی:** - وەرزی یەکەم لە ساڵی خوێندنی (2024 - 2025).

**دەستنیشانکردن و پێناسەکردنی زاراوەکانی توێژینەوەکە:** توێژەر ئەو زاراوانەی کە لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا هەیە، بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان دەکات و بۆ هەر زاراوەیەکیش چەند پێناسەیەك نیشان دەدات.

## یەکەم: کاریگەری:

**- شحاتة و والنجار (2003):**

" ئەو گۆڕانکارییە خوازراو یان نەخوازراوەیە، کە لە ئەنجامی پرۆسەی فێربوونەوە لە فێرخوازدا ڕوودەدات" (شحاتة و النجار، 2003: 22).

**- زاير و داخل (2016):**

" توانای ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی دیار و ڕوونە، بە ڕێگای ستراتیجییەتێك یان بەرنامەیەکی فێرکاریی، کە پێشوەخت ئامادەکراوە، لەسەر سەمپڵێك تاقی دەکرێتەوە" (زاير و داخل، 2016: 251).

**- پێناسەی ڕێکاری بۆ کاریگەری:**

توێژەر بەم شێوەیە (کاریگەریی) لە ڕووی ڕێکارییەوە پێناسەدەکات:

ڕادەی ئەو کاریگەرییەیە، کە چاوەڕوان دەکرێت لەکاتی بەکارهێنای گۆڕاوی سەربەخۆ، لە دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا و لە گەشەپێدانی کارامەیی دروست خوێندنەوە و ئارەزوویان بۆ خوێندنەوە ڕووبدات، ئەویش بە ڕێگای ئەنجامدانی تاقیکردنەوە و شیکردنەوەی نمرەی تاقیکردنەوەکە بە ڕێگای ئامرازە ئامارییەکان دیاری دەکرێت.

## دووەم: ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ:

### أ- ستراتیجییەتی وانەگوتنەوە:

**- بودي و الخزاعلة (2012):**

" بریتییە لە کۆمەڵێك کردار و هەنگاوی وانەگوتنەوە، کە مامۆستا پێشوەخت ئامادەیان دەکات بۆ ئەوەی لە کاتی وانەگوتنەوە لە پۆلدا بەکاریان بهێنێت، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجە خوازراوەکان بەپێی توانا و پێداویستییەکانی بەردەست"(بودي والخزاعلة، 2012: 18).

**- رسول(2014):**

" هەموو ئەو هەنگاو و چالاکییانەی، کە پێشتر پلانیان بۆ دانراوە دەگرێتەوە، کە مامۆستا ئەنجامیان دەدات بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجەکان، وەك ڕێگای وانەگوتنەوە و وروژێنەرەکان و لەبەرچاوگرتنی ژینگە و مەیل و ویستی فێرخواز و ئامرازەکانی دی"(رسول، 2014: 112).

### ب- وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ:

**- الادغم (2004):**

" چالاکییەکی فێرکارییە، لە شێوەی گفتوگۆدایە لە نێوان مامۆستا و قوتابیان یان لەنێوان قوتابیان خۆیاندا، بە شێوەیەك، کە ڕۆڵەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن بە پێی ئەو ستراتیجییەتە لاوەکییانەی کە لە خۆیدەگرێت(کورتکردنەوە، داڕشتنی پرسیار، ڕوونکردنەوە، پێشبینییکردن) بەمەبەستی تێگەیشتن لە بابەتی خوێندراو و کۆنترۆڵکردنی ئەم تێگەیشتنە لە ڕێگەی چاودێریکردن و ڕێکخستنی پرۆسەکانییەوە" (الادغم، 2004: 6).

**- الجمل (2005):**

" چالاکییەکی فێرکارییە، کە پشت دەبەستێت بە گفتوگۆی ئاڵوگۆڕکراو لە نێوان مامۆستا و فێرخوازان یان لە نێوان فێرخوازان خۆیاندا، کە تێیدا ئەو دەقەی مەبەستە بخوێندرێتەوە دابەشدەکرێت بەسەر چەند پەرەگرافێك یان بەشێك، بە ئامانجی گەیشتن بە تێگەیشتنێکی باش لێی، ئەمەش لە ڕێگەی کورتکردنەوەی پەرەگرافەکە و پاشان خوێندنەوەی و دانانی پرسیار لە سەری و پرسیارکردن دەربارەی ئەو ئاستەنگیانەی، کە ڕووبەڕوویاندەبنەوە لە تێگەیشتنیاندا، پاشان پێشبینیکردنی ئەو بیرۆکانەی دواتر دێنە ئاراوە"(الجمل، 2005: 325).

### - ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ:

**بە پشت بەستن بە پێناسەکانی (ستراتیجییەتی وانەگوتنەوە) و (وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆ) توێژەر (ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆ) لە ڕووی ڕێکارییەوە بەم شێوەیە پێناسەدەکات:**

ستراتیجییەتێکی فێرکردنە، پشت دەبەستێت بە گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردنی ڕۆڵەکان لە نێوان قوتابیان و مامۆستایان و قوتابیان خۆیاندا ،کە ئامانج و ئامراز وچالاکی و شێواز و ڕێگا لە خۆدەگرێت، قوتابیان دابەشدەکرێنە سەر چەند گرووپێك، توێژەر پلانێك ئامادەدەکات بەپێی هەنگاوەکانی ئەم ستراتیجییەتە، کە پێکدێت لە چوار هەنگاو: ئەوانیش پێشبینیکردن و داڕشتنی پرسیار و ڕوونکردنەوە و کورتکردنەوەن، بەسەر قوتابیانی گرووپی ئەزموونگەریدا جێبەجێدەکرێت، بۆ گوتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی، بەمەبەستی باش تێگەیشتنیان لە ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی، کە لە ماوەی ئەزمووندا دەخوێندرێن و گەشەپێدانی کارامەییەکانی خوێندنەوە و ئارەزوویان بۆ خوێندنەوە.

## سێیەم: گەشەپێدان:

**- ابراهيم (2009):**

" بریتییە لە گۆڕانکارییەکی ئاشکرای ئەرێنی لە ئەنجامی بەکارهێنانی فاکتەرێك بەدەستدێت، کە پێشتر دەستنیشانکراوە و ئامادەکاری و پلانی بۆ دانراوە، ئەم گۆڕانکارییەش بە ڕێگای تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن یان ئامرازێکی تێبینیکراو یان هەندێ ئامرازی تری پێوان دەپێورێت"(ابراهيم، 2009: 495).

**- عبدالعظيم (2022):**

" بريتييە لە ئاستی پێشکەوتنی قوتابی بەرەو باشتر لە بابەتێکی خوێندن یان هەر بوارێك ڕاهێنانیان پێکرابێت، پاش ئەوەی، کە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی گۆڕاوەکانی فێرکاریی و ڕاهێنان، کە بە ئامرازێکی گونجاو دادەنرێت"(عبدالعظيم، 2022: 95).

**- پێناسەی ڕێکاری بۆ گەشەپێدان:**

قوتابی/ توێژەر بەم شێوەیە(گەشەپێدان) لە ڕووی ڕێکارییەوە پێناسە دەکات:

بری پێشکەوتن و باشبوونی قوتابیانی سەمپڵی توێژینەوەیە لە کارەمەیی دروست خوێندنەوە و ئارەزوویان بۆ خوێندنەوە، ئەم گەشەکردنەش لە ئەنجامی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ بەدەستدێت، بری گەشەکردنەکەش بە ڕێگای دەرهێنانی جیاوازی نمرەکانی قوتابیان لە تاقیکردنەوەی پێش و پاش بۆ دروست خوێندنەوە و پراکتیکردنی پێش و پاش بۆ پێوەری ئارەزوو بۆ خوێندنەوە دەپێورێت.

## چوارەم: ئارەزوو بۆ خوێندنەوە:

توێژەر پێیباشە، کە هەردوو زاراوەی (ئارەزوو) و (خوێندنەوە) هەریەکەیان بە جیا پێناسەکانیان نمایش بکرێت و پاشان بە گوێرەی پێناسەکانی هەردوو زاراوە پێناسەی ڕێکاری بۆ کارامەیی دروستخوێندنەوە بکات.

### أ- ئارەزوو:

**- خليفاني (1995):**

" گرنگیدان و مەیلی تاکە بۆ شتێك یان کەسانێك، وەك ئارەزووی قوتابی بۆ فێربوونی چاپۆکییەك یان فێربوونی بابەتێکی خوێندن، هەروەها ئەو کەس و شتانەی، کە تاك حەزی لێیە زیاتر گرنگی پێدەدات و بیری لێدەکاتەوە"(خليفاني، 1995: 25).

**- زيتون (2005):**

" بريتييە لە شتێك یان چالاکییەك کە تاك لێیەوە نزیکە و گرنگی پێدەدات و لەوانی تر بە باشتری دادەنێت"(زيتون، 2005: 115).

### ب- خوێندنەوە:

**- نايل (2006):**

" بريتييە لەو چالاکییە هزرییەی، کە تاك بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە و رۆشنبیری ئەنجامیدەدات، لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت پێداویستییەکانی خۆی پڕ تێر بکات و هزری خۆی دەوڵەمەند بکات و ویژدانی گەشە پێبدات و زیاتر خۆی شارەزابکات، ئەمەش کاردەکاتە سەر بنیاتنان و دروستبوونی کەسایەتی مرۆڤ"(نايل، 2006: 89).

**- توما (2011):**

" چالاکییەکە، کە خوێنەر ئەنجامیدەدات، ئەمەش پەیوەستە بە زانینی کۆمەڵێك هێمای بینراو، کە بە درکپێکردنی ناوەڕۆکیان و کار لەسەرکردنیان و بەیەکەوە بەستانەوەیان، دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوەی ئەو واتایەی لەلای هەمووان زانراوە"(توما، 2011: 163).

**- پێناسەی ڕێکاریی بۆ (ئارەزوو بۆ خوێندنەوە):**

توێژەر بەم شێوەیە (ئارەزوو بۆ خوێندنەوە) لە ڕووی ڕێکارییەوە پێناسەدەکات:

حەز و گرنگی پێدانی قوتابیانی سەمپڵی توێژینەوەیە بە بابەتی خوێندنەوە و چێژ و خۆشی وەرگرتنیانە لە بەشداری چالاکییەکانی خوێندنەوە لە ناو پۆلدا و بەو نمرەیە دەپێورێت، کە قوتابی وەریدەگرێت، لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی برگەکانی پێوەری ئارەزوو بۆ خوێندنەوە کە قوتابی/ توێژەر بۆ ئەم مەبەستە ئامادەیکردووە.

## لایەنی تیۆریی و توێژینەوەکانی پێشوو:

### - لایەنی تیۆریی:

#### ❖ ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ:

یەکێکە لە ستراتیجییەتەکانی دواوەی زانین(میتاکۆگنیشن)،کە لەسەر بنەمای فێرکردن و فێربوونی کارلێککارانەی دیالۆگ لە نێوان مامۆستا و قوتابیان لە لایەك و لە نێوان قوتابیان خۆیاندا لە لایەکی ترەوە دامەزراوە (Leanne Clark, 2003:14). یەکێکە لە ستراتیجییەتەکانی خوێندنەوە، کە قوتابی تێیدا چوار کارامەیی بەکاردەهێنێت، ئەوانیش کارامەییەکانی(پێشبینیکردن، دارشتنی پرسیار، ڕوونکردنەوە، پوختکردنەوە)ن، هەروەها لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم چوار کارامەییەوە قوتابیان فێری ئەوە دەبن کە چۆن مەبەستەکانی خوێندنەوە دیاریی بکەن، بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە بخوێننەوە، خۆیان هەڵسەنگێنن و بیرۆکەی سەرەکی لە دەقەکەدا بدۆزنەوە، مامۆستا لە سەرەتادا شێوازەکە ڕووندەکاتەوە، لە ڕێگەی گفتوگۆی کارلێککارانە لەگەڵ قوتابییەکان بە هێنانەوەی نموونەیەك، پاش ئەوەی کە قوتابییەکان ڕاهێنان لەسەر شێوازەکە دەکەن و فێری چۆنییەتی جێبەجێکردنی دەبن، مامۆستا قوتابییەکان ڕادەسپێرێت بۆ جێبەجێکردنی (أبو الحاج و المصالحة، 2016: 125).

ئەم ستراتیجییەتە لە ساڵی 1984 لە ئەمریکا پەرەپێیدراوە، ئامانجی باشترکردنی کارامەییەکانی خوێندنەوە بووە بە تێکەڵبوون و کارلێکردن لە گەڵ دەقەکەدا، لە زۆربەی قوتابخانە ئەمریکییەکاندا بڵاوبووەتەوە، لەسەر دەستی ئانا ماری پالینکسار(Anna Marie Palincsar) لە زانکۆی ویلایەتی میشیگان و ئانا براون((Anna Brown) لە زانکۆی ئیلینۆیس(Illinois) دیزاینکراوە(الموسوي و شرهان، 2020: 356).

وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ ئاماژەیە بۆ ئەو چالاکییە فێرکارییەی کە لە شێوەی گفتوگۆ لە نێوان مامۆستا و قوتابیدا ڕوودەدات، یەکێکە لەو ستراتیجییەتانەی پشت بە فێربوونی هاوکاری دەبەستێت، ناوەڕۆکی ئەم بیرۆکەیە لەوەدایە قوتابیان لە چوارچێوەی گروپدا کاربکەن و ڕۆڵەکان بەسەریاندا دابەشبکرێن و هەر گروپێك سەرۆکێکی هەبێت، کە ڕێنمایی ئاراستەی ئەندامانی گروپەکەی بکات، ئەم جۆرە ستراتیجییەتانە بە ستراتیجییەتی سەرکەوتوو دادەنرێت، کە هەر گروپێك قوتابیانی ئاستجیاواز لە تواناکاندا لە خۆدەگرێت، کە چالاکی فێربوونی جۆراوجۆر ئەنجامدەدەن بۆ باشتر تێگەیشتن لە بابەتەکە، هەر ئەندامێك لە گروپە جیاوازەکاندا تەنها بەرپرسیار نییە لەوەی کە خۆی فێربێت، بەڵکو یارمەتی هاوکارانیشی دەدات لە گروپەکەیدا بۆ فێربوون، بۆ ئەوەی کەشێکی دەستکەوت و بەدەستهێنان و چێژ لە فێرکردندا دروستبێت(الكعبي، 2018: 267).

## هەنگاوەکانی ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ:

توێژەر پاش ئەوەی پێداچوونەوەی لەسەر چەندین توێژینەوە و ئەدەبیاتی پەیوەندیداردا کرد، کە باسی ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕیان کردووە بۆیدەرکەوت، هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە هەنگاوەکانی ئەم ستراتیجییەتە چوار کارامەیی یان چوار ستراتیجییەتی لاوەکیی لەخۆدەگرێت، کە ئەمانەن:

1. **پێشبینیکردن:** مەبەست لێی خەملاندنێکی پەروەردەییە، کە قوتابیان تێیدا پێشبینییەکانی خۆیان دەردەبڕن دەربارەی ئەو بیرۆکانەی، کە لە ژێر ناونیشانێکدا هەیە و ئەو بابەتانەی کە دەکرێت نووسەر باسی لێوەکردبێت، ئەم ستراتیجییەتە داوا لە قوتابی دەکات گریمانەی دیاریکراو بخاتەڕوو سەبارەت بەوەی کە نووسەر لەوانەیە لە بابەتەکەدا باسیکردبێت، پاشان ئەم گریمانەیە وەك ئامانجێك دادەنرێت، کە قوتابی هەوڵ دەدات بەدییبهێنێت، قوتابی لە ڕێگەی تێگەیشتنییەوە دەتوانێت پێشبینیی ئەوەبکات، کە چی لە بابەتەکەدا دێت، شارەزایی قوتابیان لەم پرۆسەیەدا لە گەڕاندنەوەی ئەو زانیاریانەدایە، کە پێشتر لەسەر بابەتەکە هەیانە و بەستنەوەیان بەو زانیارییە نوێیانەی دێنە بەردەمیان.
2. **پرسیارکردن (داڕشتنی پرسیار):** لەم قۆناغەدا مامۆستا قوتابیان ئاراستە دەکات تا پرسیار لە هاوپۆڵەکانیان بکەن، سەبارەت بەوەی لە دەقەکەدا دەیخوێننەوە، بەمەش توانای خۆیان لە تێگەیشتنی دەقەکەدا تاقیدەکەنەوە. هەرکاتێك بیرۆکەیەك لە دەقەکەدا دێتەبەردەمیان بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی پرسیاری وەکو(چی، بۆچی، چۆن، لە کوێ، کەی) پرسیار لە خوێنەرەکان و هەوڵی وەڵامدانەوەیان دەدەن، کاتێك خوێنەر پرسیار دەربارەی ئەوەی دەیخوێنێتەوە دادەڕێژێت، ئەوا لەو ڕێگەیەوە ئاستی گرنگیی زانیارییەکانی نێو دەقەکە و شیاوییان بۆ بوون بە تەوەری پرسیارلێکردن دیارییدەکات، هەروەها قوتابی کارامەیی داڕشتنی ئەو پرسیارانە بەدەستدەهێنێت، کە سەر بە ئاستە باڵاکانی بیرکردنەوەن، ئەمەش یارمەتیدەرە لە شیکردنەوەی بابەتی خوێندراو و پەرەپێدانی کارامەیی جیاکردنەوەی زانیارییە گرنگەکان لە ناگرنگەکان.
3. **ڕوونکردنەوە:** لەم قۆناغەدا مامۆستا داوا لە قوتابیان دەکات، کە ڕوونکردنەوە بدەن لەسەر ئەو ئاستەنگانەی لە تێگەیشتنی دەقەکەدا ڕووبەڕوویان دەبنەوە، بۆیە پرسیاری وەکو ئەمانەیان لێدەکات: وشە قورسەکان بۆ تێگەیشتن لەم دەقەدا کامانەن؟ ئەو چەمکە نوێ و نامۆیانە چین لە دەقەکەدا ڕووبەڕووتان بوونەتەوە؟ مەبەست لەم ستراتیجییەتە دیاریکردنی ئەو شتانەیە، کە لەوانەیە ببنە بەربەست لەبەردەم تێگەیشتنی زانیارییەکانی نێو دەقەکەدا، جا ئەوانە چەمك بن یان دەربڕین بن یان بیرۆکە.
4. **پوختکردنەوە (کورتکردنەوە):** لەم قۆناغەدا مامۆستا قوتابیان ئاراستەدەکات بۆ پوختکردنەوەی پارچەیەك بە وشەی تایبەتی خۆیان لە چوارچێوەی ڕستەیەك یان پەرەگرافێکدا، کە گوزارشت لە کرۆکی بابەتەکە و بیرۆکە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی بکات، بەشێوەیەکی ڕوون و واتادار (السلطاني و محمد، 2020: 189-193).

## ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕدا:

1. ئاسانکار و ڕێخۆشکەری پرۆسەی فێربوونە.
2. یارمەتیدەرە لە دروستکردنی چالاکییەکان لای فێرخوازان.
3. یارمەتیدەرە لە دروستکردنی مانا لای فێرخوازان.
4. یارمەتیدەرە لە دیزاینکردنی هەڵوێستە فێرکارییەکان بۆ فێرخوازان.
5. پێشکەشکردنی هاندان بۆ فێرخوازان، لەو کاتەی کە پێویستیان پێیەتی.
6. کارکردن لەسەر نمایشکردنی هەنگاوەکانی ستراتیجییەتەکە وەکو نموونە بۆ فێرخوازان.

## ڕۆڵی فێرخواز لە ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕدا:

1. بەشدارییکردن لە دیزاینکردنی هەڵویست و چالاکیە فێرکارییەکان لەگەڵ مامۆستا.
2. بەستنەوەی زانیاریی پێشوو بە زانیاریی نوێوە.
3. کورتکردنەوەی ئەوەی خوێندوویەتییەوە و دیاریکردنی پەرەگرافە گرنگەکان.
4. گفتوگۆکردن لەگەڵ مامۆستا دەربارەی ئەو شتانەی، کە نایزانێت.
5. توانای دەرهێنانی زانیاری نوێ و جێبەجێکردنی لەسەر بابەتەکە.

6. تواناى پێشبینیکردنى هەموو شتێکى نوێ.
7. فێرخوازان لەدواى فێربوونى هەنگاوەکانى ئەم ستراتیجییەتە ڕۆڵى مامۆستا دەگێڕن لە پۆلدا(السلطاني و محمد، 2020: 189-193).

## گرنگیی بەکارهێنانى ستراتیجییەتى وانەگوتنەوەى ئاڵوگۆڕ:

1. تواناى گفتوگۆ و ڕادەربڕین لاى قوتابیان گەشەپێدەدات.
2. تواناى دەرهێنانى هزرى سەرەکى و دانانى پرسیار و پێشبینیکردن بۆ ڕووداوەکان، لە دەقێکى خوێندنەوەدا لاى قوتابیان گەشەپێدەدات.
3. پاڵدەرى فێربوون لاى قوتابیان زیاددەکات.
4. ئاستى بەدەستهێنانى خوێندن لاى قوتابیان زیاددەکات(حاجي و الديرشوي، 2019: 130 – 131).

## تێبینییەکانى لەسەر ستراتیجییەتى وانەگوتنەوەى ئاڵوگۆڕ:

1. ئەم ستراتیجییەتە بۆ هەموو بابەتەکانى پرۆگراى خوێندندا گونجاو نییە.
2. هەڵسەنگاندنەکە لەسەر بنەماى تێڕوانینى خودى مامۆستا دەبێت، کە ئەمەش ستاندارد نییە.
3. پێویستى بە مامۆستایەک هەیە، کە خاوەن کارامەیى و شارەزاییەکى بەرز بێت لە جێبەجێکردنى ئەم ستراتیجییەتەدا.
4. کاتێکى زۆرى پێویستە بۆ ڕاهێنانى قوتابییان لەسەر ئەم ستراتیجییەتە(الموسوي و شرهان، 2020: 363 – 364).

## ❖ ئارەزوو بۆ خوێندنەوە:

ئارەزوو هەستێکە ئاگایى مرۆڤ و گرنگپێدانەکانى بە بابەتێکى دیاریکراو دیاریدەکات، بارێکى دەروونییە، سەرنجى تاکەکەس دەخاتە سەر بابەتێکى دیاریکراو (عزيز،2021أ: 153)، واتاى هەست بە مەیل بوون بەرامبەر کەسەکان یان شتەکان دێت، بۆ نموونە ئارەزووى تاك بۆ ئەنجامدانى کار و چالاکییەك یان فێربوونى کارامەییەك یان خوێندنەوەى بابەتێك، ئامانجە سەرەکییەکەشى بۆ سوود و خۆشى و چێژ لێوەرگرتنە لە ویست و ئارەزووەکانى تاك(فهمي والقطان، 1977: 68 – 139)، ئارەزوو بۆ خوێندنەوە و فێربوون ئەو ویستە بەهێزەى فێرخوازە، کە هانیدەدات بۆ بەشدارییکردن لە چالاکییەکانى خوێندنەوە و فێربووندا و دەگەیەنێت بە بەدەستهێنانى ئامانج و مەبەستە خوازراوەکان(سمرة، 2019: 9).

### - تایبەتمەندییەکانى پێکهاتنى ئارەزوو:

- ئارەزووەکان لە ناو خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگا دروستدەبێت.
- لەگەڵ دروستبوونى ئارەزوو تاك جێگیرییەك بەخۆیەوە دەبینێت.
- خودێتییەك لاى تاك دروستدەکات و بەنەبوونى ئارەزوو دەبێتە هۆى شلەژانى دەروونى و بە پێچەوانەشەوە هەبوونى ئارام بەخشە و هاوسەنگى مرۆڤ دەپارێزێت.
- دەتوانرێت پێوانەبکرێت لە ڕێگەى تێبینیکردنى ڕەفتار و وەڵامدانەوە زارەکییەکانى تاك.
- هەر ئارەزوووەیەك پەیوەستدەبێت بە ڕەفتارێك.
- ئارەزووەکان بە پێى ڕەگەز و تەمەن جیاوازیان هەیە (عزيز، 2021ب: 40 -41).

### - ڕێگاکانى پێوانەکردنى ئارەزوو: ئارەزوو پێوانەدەکرێت بە ڕێگاى جۆراوجۆر لەوانە:

1. لە ڕێگەى فۆرمى ڕادەربڕین (ڕاوەرگرى)، هەروەها لە ڕێگەى پێوەرێك کە برگەکان دادەڕێژرێت بە شێوەى لێدوان و پرسیار و وەڵام لە کەسى بەرامبەرى وەردەگیرێت.
2. لە ڕێگەى پێوەرى(وێنەیى) وەکو پێوەرى زانکۆى(ستانفۆرد) کە پێکهاتووە لە (135)وێنە.
3. لە ڕێگەى تێبینیکردنى چالاکى و کردارەکانى کەسەکانەوە.
4. لە ڕێگەى تاقیکردنەوەى ستانداردى دانراو لە لایەن پەروەردیارانەوە بۆ نموونە تاقیکردنەوەکانى(ئەلپورت و فرنون) و کیودەر و سترونج (عزيز،2021أ: 159).

### - توێژینەوەکانى پێشوو:

### تەوەرى یەکەم: ئەو توێژینەوانەى، کە گرێدراون بە ستراتیجییەتى وانەگوتنەوەى ئاڵوگۆڕ:

**توێژینەوەى (المشهداني، 2008):**

ئەم توێژینەوەیە لە عیراق – زانکۆى بەغدا / کۆلێژى پەروەردەى ئیبن روشد ئەنجامدراوە، ئامانجى ئەم توێژینەوەیە زانینى کاریگەریى دوو ستراتیجییەتى نەخشەى مانادار و وانەگوتنەوەى ئاڵوگۆڕ بوو، لەسەر گەشەپێدانى کارامەییەکانى خوێندنەوەى بەدەنگ لاى قوتابیانى پۆلى پێنجەمى بنەڕەتیى، نموونەى توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (171) قوتابى کوڕ و کچ کە دابەشکرابوونە سەر دوو گروپى ئەزموونگەرى و یەك گروپى کۆنترۆڵکار، هەر گروپێك پێکهاتبوو لە (57) قوتابى کوڕ و کچ، پاش کۆتایى هاتنى ئەزموونەکە و تاقیکردنەوەى پاشەکى و مامەڵەکردنى ئامارى لەگەڵ داتاکان، توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەى، کە قوتابیانى هەردوو گروپى یەکەم و دووەمى ئەزموونگەرى سەرکەوتن بەسەر گروپى

کۆنترۆڵکاردا لە هەرسێ کارامەییەکانی دروستی و خێرایی خوێندنەوە و تێگەیشتنی خوێندراو، هیچ جیاوازییەکی ماناداری ئاماری لە نێوان گروپی ئەزموونگەری یەکەم و دووەم نەبوو، قوتابیانی کچ سەرکەوتن بەسەر قوتابیانی کوڕ لە هەرسێ کارامەییەکانی خوێندنەوە(المشهداني، 2008).

**توێژینەوەی (الحارثي، 2008):**

ئەم توێژینەوەیە لە وەڵاتی سعودیە ئەنجامدراوە، ئامانجەکەی زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ بوو، لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی دواوەی زانین لە خوێندنەوەدا لای قوتابیانی قۆناغی ناوەندی، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر ڕێبازی نیمچە ئەزموونگەریی بەکارهێناوە، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (60) قوتابی لە قوتابیانی پۆلی دووەمی ناوەندی لە قوتابخانەی ناوەندی جەریر (جرير) لە شاری جەددە(جدة) قوتابییەکان دابەشکرابوون بە سەر دوو گروپدا، یەکێکیان ئەزموونگەریی و ئەوەی تریان کۆنترۆڵکار، هەر گروپێك (30) قوتابی لە خۆگرتبوو، ئامرازی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت و پاش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە و شیکردنەوەی ئاماری لەگەڵ داتاکان، ئەنجام دەریخست، کە جیاوازی ماناداریی ئاماری هەیە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکار، لە کارامەییەکانی پلاندانان بۆ خوێندنەوە و چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی خوێندنەوە، ئەمەش لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەریدابوو(الحارثي، 2008).

## تەوەری دووەم: ئەو توێژینەوانەی کە لە بارەی گەشەپێدانی ئارەزوو بۆ خوێندن و فێربوون ئەنجامدراون:

**توێژینەوەی ( العبيدي، 2013):**

ئەم توێژینەوەیە، کە لە شاری موسڵ ئەنجامدراوە مەبەستەکەی زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجییەتی وانەوتنەوەی ئاڵوگۆڕبووە لەسەر گەشەپێدانی هەندێ چالاکی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی و مەیلیان بۆ خوێندنەوەی عەرەبی. توێژەر پشتی بە دیزاینی ئەزموونگەری دوو گروپی هاوسەنگ بەستووە، گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکار. قوتابخانەیەکی بنەڕەتی بە مەبەست هەڵبژاردووە و پاشان بە شێوەی هەڕەمەکی دوو هۆبەی لێهەڵبژاردووە و دابەشیکردووەتە سەر دوو گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکار،کە ژمارەی قوتابیانی هەر گروپێك (20) قوتابی بووە، لە تەمەن و ئاستی دایک و باوک و کارامەییەکانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و مەیلی خوێندنەوە هاوسەنگی لە نێوانیاندا کردووە. توێژەر دوو ئامرازی ئامادەکردووە، یەکەمیان تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بۆ زانینی ڕادەی گەشەپێدانی کارامەییەکانی ئەم بیرکردنەوەیە، کە سێ کارامەیی بوون، ڕەوانی و نەرمی و ڕەسەنی لە نۆ پرسیاردا، دووەمیشیان پێوەری مەیلی خوێندنەوە بووە کە لە لە (34) برگە پێکهاتبوو، خەسڵەتەکانی سایکۆمەتری بۆ هەردوو ئامرازەکان دەرهێناوە. پاش تەواوبوونی ئەزموونەکە، کە حەوت هەفتەی خایاندووە، توێژەر ئامرازەکانی بەسەر هەردوو گروپەکەدا جێبەجێکردووە مامەڵەی ئاماری لەگەڵ داتاکان ئەنجامداوە. لە کۆتاییدا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی، کە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی وانەوتنەوەی ئاڵوگۆڕ لە بابەتی خوێندنەوەدا گەشە بە سێ کارامەییەکەی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و مەیلی خوێندنەوە دەدات( العبيدي، 2013).

**توێژینەوەی (نبي والخالد، 2014):**

ئەم توێژینەوەیە کە لە شاری دهۆك – هەرێمی کوردستانی عیراق ئەنجامدراوە، ئامانجەکەی زانینی کاریگەریی ستراتیجییەتی نەخشەی مێشك بوو لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی دوازدەمی ئامادەیی لە بابەتی ئەدەب و گەشەپێدانی پاڵەریان بۆ فێربوون. توێژەران پشتیان بە دیزاینی ئەزموونگەری دوو گروپی هاوسەنگ بەستووە. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (78)، بە هەڕەمەکی بەسەر دوو گروپدا دابەشکرابوون. قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری بە پێی ستراتیجییەتی هەژاندنی مێشك وانەیان پێوتراوەتەوە و گروپی کۆنترۆڵکاریش بە پێی ڕێگای ئاسایی. توێژەران بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە دوو ئامرازییان بەکارهێناوە، یەکەمیان تاقیکردنەوەی دەستکەوتبوو لە (30) برگە پێکهاتبوو، دووەمیان پێوەری پاڵەری فێربوون بوو لە (32) برگە پێکهاتبوو. توێژەران دوای تەواوبوونی ماوەی ئەزموون و جێبەجێکردنی ئامرازەکان و مامەڵەکردنی ئاماری لەگەڵ داتاکان، لە ئەنجامدا دیاربوو کە گوتنەوەی بابەتی ئەدەب بە پێی ستراتیجییەتی هەژاندنی مێشك کاریگەری هەیە، لەسەر دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی پاڵەری فێربوون(نبي والخالد، 2014).

**توێژینەوەی (محمد، 2015):**

ئەم توێژینەوەیە، لە کۆلێژی پەروەردەی بنیات/ زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر – هەرێمی کوردستانی عیراق ئەنجامدراوە، ئامانجەکەی زانینی کاریگەری ستراتیجییەتی هەژاندنی مێشك بوو، لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی ئەدەبی کوردی و گەشەپێدانی باوەڕبەخۆبوون و ئارەزوویان بۆ خوێندن و فێربوونی ئەدەب. توێژەر پشتی بە دیزاینی ئەزموونگەری دوو گروپی هاوسەنگ بەستووە. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (56) قوتابی کچ، کە دابەشکرابوون بەسەر دوو گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکار، بۆ هەر گروپێك (28) قوتابی، قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری بە پێی ستراتیجییەتی هەژاندنی مێشك وانەیان پێ وتراوەتەوە و گروپی کۆنترۆڵکاریش بە پێی ڕێگای ئاسایی. توێژەر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە سێ ئامرازی بەکارهێناوە، یەکەمیان تاقیکردنەوەی دەستکەوتبوو لە (40) برگە پێکهاتبوو، دووەمیان پێوەری باوەڕبەخۆبوون بوو لە (46) برگە پێکهاتبوو، سێیەمیان پێوەری ئارەزوو بۆ خوێندن و فێربوونی ئەدەب بوو، لە (30) برگە پێکهاتبوو. توێژەر دوای تەواوبوونی ماوەی ئەزموون و جێبەجێکردنی ئامرازەکان و مامەڵەکردنی ئاماری لەگەڵ داتاکان، گەیشت بەو ئەنجامەی کە جیاوازی ماناداری هەیە، لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکار لە دەستکەوتی خوێندندا و هەروەها جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەی جیاوازی

گەشەکردنی باوەڕبەخۆبوون و ئارەزوو بۆ خوێندن و فێربوونی ئەدەبی کوردی لای قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری و کۆنرۆڵکار، ئەنجامی هەرسێ ئامرازەکەش لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەریدابوو(محمد، 2015).

## ڕێباز و ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم: ڕێبازی توێژینەوەکە:

توێژەر ڕێبازی ئەزموونیی نیمچە کۆنترۆڵکراوی بەکارهێناوە بۆ توێژینەوەکەی، بە هۆی گونجاوی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە، هەروەها گونجاوە بۆ بەدیهێنانی ئامانج و پشت ڕاستکردنەوەی گریمانە دارێژراوەکانی توێژینەوەکە، ئامانجی ڕێبازی ئەزموونی نیمچە کۆنترۆڵکراو بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە دەرەکییەکان، بۆ زانینی کاریگەریی گۆڕاوە سەربەخۆکان لە سەر گۆڕاوە وابەستەکراوەکان(الخیاط، 2011: ص125 - 126).

### دووەم: دیزاینی ئەزموونگەری:

توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوەکە، پشتی بەو دیزاینە بەست کە پێیدەوترێت دیزاینی ئەزموونگەری گرووپی هاوتا بە پراکتیکردنی پێشی و پاشی(فان دالین، 2007: 405). ئەم دیزاینە لە دوو گرووپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکار پێکدێت، کە پراکتیکردنی پێشی و پاشی بۆ گۆڕاوی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە بۆ هەردوو گروپ لەخۆدەگرێت، هەروەك لە هێڵکاریی ژمارە (1)دا دیارە:

| گروپ | پراکتیکردنی پێشی | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی وابەستە/ پراکتیکردنی پاشی |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ئارەزوو بۆ خوێندنەوە | ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئالوگۆڕ | - ئارەزوو بۆ خوێندنەوە |
| کۆنترۆڵکار | | ڕێگای ئاسایی | |

هێڵکاری ژمارە (1) دیزاینی ئەزموونگەریی توێژینەوەکە:

لەو دیزاینەی سەرەوەدا دەردەکەوێت توێژەر دوو گروپی بەکارهێناوە، کە گروپی ئەزموونگەری بە پێی ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئالوگۆڕ وانەیان پێدەوترێتەوە، گروپی کۆنترۆڵکاریش هەمان بابەت بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە، لە کۆتایی ئەزموونەکە پێوەری ئارەزوو بۆ خوێندنەوە کە بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە ئامادە دەکرێت بەسەر هەردوو گروپدا جێبەجێدەکرێت، بۆ زانینی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوە وابەستە.

### سێیەم: کۆمەڵ و نموونەی توێژینەوەکە:

#### أ-کۆمەڵی توێژینەوە:

هەموو ئەو پێکهاتانەیە، کە پەیوەندیان بە کێشەی توێژینەوەکەوە هەیە، کە توێژەر هەوڵدەدا دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەی گشتاندنی بە سەریاندا بکات(رەزا، 2023 :64). کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەموو قوتابیانی کوڕ لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سەنتەری قەزای بەردەڕەش، کە سەر بە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی قەزای بەردەڕەشن بۆ ساڵی خوێندنی (2024 - 2025). کاتێك توێژەر سەردانی هۆبەی ئاماری لە بەڕێوەبەراتی پەروەردەی قەزای بەردەڕەش کرد، بۆی دیاربوو، کە ژمارەی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی کوران دەگاتە(557) قوتابی کوڕ لە(8) قوتابخانەی بنەڕەتی.

#### ب – نموونەی توێژینەوە:

مەبەست لە سەمپڵی توێژینەوە، بەشێکە لەو کۆمەڵەیەی کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجامدەدرێت، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست نوێنەرانی کۆمەڵەکە بکات(ئاغا، 2016: 39). قوتابی/ توێژەر پاش گەڕان و بەدواداچوونێکی زۆر بۆ قوتابخانەکانی کۆمەڵی توێژینەوەکەی بە ئەنقەست دوو قوتابخانەی هەڵبژارد، ئەوانیش قوتابخانەی (بەردەڕەشی بنەڕەتی کوران) و (سەنگەری بنەڕەتی کوران)بوون، پاشان بە مەبەستی دەستنیشانکردنی سەمپڵی توێژینەوە لە قوتابخانەکان و دیاریکردنی هەردوو گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکار، سەردانی هەردوو قوتابخانەی کرد و بە شێوەی هەرەمەکی قوتابخانەی(بەردەڕەشی بنەڕەتی کوران)بوو بە گرووپی ئەزموونگەری و قوتابخانەی (سەنگەری بنەڕەتی کوران)یش بوو بە گرووپی کۆنترۆڵکار، دیسان بە شێوەی هەرەمەکی لە هەر قوتابخانەیەک هۆبەیەک هەڵبژێردرا بۆ ئەنجامدانی کاری ئەزموونی، لە قوتابخانەی (بەردەڕەشی بنەڕەتی کوران) هۆبەی (ب)بوو بە گرووپی ئەزموونی کە ژمارەی قوتابیەکانی (22) قوتابی بوو، لە قوتابخانەی (سەنگەری بنەڕەتی کوران)یش هۆبەی (ب)بوو بە گرووپی کۆنترۆڵکار،کە ژمارەی قوتابیەکانی (25) قوتابی بوو، پاش دوورخستنەوەی قوتابییە کەوتووەکانی ساڵی پار (2023 - 2024) لە هەردوو گرووپ[2]، ئەوانەی، کە مانەوە بۆ کاری ئەزموونی لە هەردوو گرووپ، (20) قوتابی لە گرووپی ئەزموونی و (22) قوتابیش لە گرووپی کۆنترۆڵکار بوون، ژمارەی قوتابیانی هەردوو گرووپ بە شێوەی کۆتایی بوون بە (42)قوتابی، هەر وەك لە خشتەی ژمارە (1) دیارە.

خشتەی ژمارە (1) هۆبە و گروپ و ژمارەی قوتابیانی سەمپڵی توێژینەوە

[2] تەنیا لە کاتی مامەڵەکردنی ئاماری دورخراونەتەوە.

| هۆبە | گرووپ | ستراتیجییەت/ ڕێگای وانەگوتنەوە | ژمارەی قوتابیان پێش دورخستنەوە | ژمارەی قوتابیانی دورخراو (کەوتوو) | ژمارەی کۆتایی قوتابیان |
|---|---|---|---|---|---|
| ب | ئەزموونگەریی | وانەگوتنەوەی ئالوگۆڕ | 22 | 2 | 20 |
| ب | کۆنترۆلکار | ڕێگای ئاسایی | 25 | 3 | 22 |
| | | | | | |
| کۆی گشتی قوتابیان | | | 47 | 5 | 42 |

## چوارەم: هاوتاکردن لە نێوان هەردوو گرووپی توێژینەوە:

هاوتاکردن لە نێوان هەردوو گرووپی توێژینەوە، بە یەکێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی توێژینەوەی ئەزموونی دادەنرێت، هەرچەندە هەردوو گرووپی توێژینەوە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشکران، کە تا ڕادەیەک جۆرە هاوتاییەك دروستدەکات، بەڵام توێژەر بە پێویستی زانی بۆ دڵنیابوون لەهاوتابوونی هەردوو گرووپی هەڵبژێردراو، هاوتایی لە نێوانیاندا دروستبکات لە هەندێ گۆڕاودا، چونکە توێژینەوە ئەزموونییەکان زۆر جار دەکەونە بەر کاریگەریی هەندێ گۆڕاو، کە لەوانەیە کار بکاتە سەر گۆڕاوی کارتێکراو و کاریگەریشی لەسەر وردی و ئەنجامی توێژینەوەکە دەبێت، بۆیە قوتابی/ توێژەر بە گرنگیزانی ئەو گۆڕاوانە کۆنترۆڵ بکات، بۆ ئەوەی کاریگەریی نەکاتە سەر ئەنجامی توێژینەوەکە، تەنیا گۆڕاوی سەربەخۆ کاریگەریی هەبێت لەسەر گۆڕاوی وابەستە، قوتابی/ توێژەر بەسوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو، پێی باش بوو کۆنترۆڵی ئەم گۆڕاوانە بکات و هاوتایی لە نێوان هەردوو گرووپی توێژینەوەکە لەم گۆڕاوانەدا بکات:( 1. تەمەنی قوتابیان بە مانگ، 2. نمرەی قوتابیان لە بابەتی (خوێندنەوە و ڕێزمانی کوردی) ساڵی پار (پێنجەمی بنەڕەتی)، 3. نمرەی زیرەکی، 4. ئارەزوو بۆ خوێندنەوە 5. ئاستی خوێندنی باوکان و دایکانی قوتابیان).

توێژەر دوای ئەوەی، کە داتا و نمرەی هەریەك لە چوار گۆڕاوی یەکەمی سەرەوە کۆکردەوە، دواتر بۆ زانینی ماناداری جیاوازی لە نێوان ناوەندەژمێری داتا و نمرەکانی هەردوو گرووپ، داتاکانی خستە ژێر چارەسەری ئامارییەوە و تاقیکردنەوەی تایی(T. test)ی بۆ دوو سەمپڵی سەربەخۆی ژمارە نایەکسانی بەکارهێنا(الكبيسي، 2010: 113)، لە ئەنجامدا دیاربوو نرخی(t) دەرهێنراو لە هەر چوار گۆڕاوەکەدا، کەمترە لە نرخی خشتەییەکەی (2.021) لە ئاستی ماناداری(0.05) بە پلەی ئازادی (40)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە قوتابیانی هەردوو گرووپی ئەزموونگەری و کۆنترۆلکار لە هەر چوار گۆڕاوەکەدا لە ڕووی ئامارییەوە هاوتان، هەر وەک لە خشتەی ژمارە (2 )دا وردەکاری ئەنجامەکان ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە ( 2 ) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ ماناداری جیاوازی لەنێوان ناوەندەژمێری نمرە و داتای قوتابیانی هەردوو گرووپی توێژینەوە لە گۆڕاوە دیاریکراوەکاندا

| ژ | گۆڕاوەکان | گروپ | ژمارەی قوتابیان | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | ماناداری لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| 1 | تەمەنی قوتابیان بە مانگ | ئەزموونگەری | 20 | 138.85 | 10.859 | 0.430 | 2.021 | مانادار نییە |
| | | کۆنترۆلکار | 22 | 137.68 | 6.395 | | | |
| 2 | نمرەی بابەتی (خوێندنەوە و ڕێزمانی کوردی) ساڵی پار | ئەزموونگەری | 20 | 76.00 | 14.4301 | 1.183 | 2.021 | مانادار نییە |
| | | کۆنترۆلکار | 22 | 71.23 | 11.678 | | | |
| 3 | نمرەی زیرەکی | ئەزموونگەری | 20 | 31.85 | 5.344 | 0.941 | 2.021 | مانادار نییە |
| | | کۆنترۆلکار | 22 | 30.32 | 5.204 | | | |
| | ئارەزوو بۆ | ئەزموونگەری | 20 | 59.15 | 7.727 | 0.903 | 2.021 | مانادار نییە |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 4 | خوێندنەوە | کۆنترۆڵکار | 22 | 61.64 | 9.864 | | | |

هەروەها بە مەبەستی دەرهێنانی هاوتایی لە نێوان  ئاستی خوێندنی باوکان و دایکانی قوتابیان، قوتابی/توێژەر ئاستی خوێندنی باوکان و دایکانی قوتابیانی هەردوو گرووپی لە ڕێگەی دابەشکردنی فۆڕمی کۆکردنەوەی زانیاری تایبەت بە قوتابیانەوە بە دەستهێنا، پاشان هاوکێشەی(کای دووجا)ی لەگەڵ داتاکان بەکارهێنا(عودة والخليلي، 2000: 284)، لە ئەنجامدا دیار بوو، کە نرخی (کای دووجا)ی دەرهێنراوی باوکان و دایکان کەمترن لە نرخی خەشتەییەکەیان لە ئاستی مانادارى (0.05) بە پلەی ئازادی (1) بۆ باوکان و (2) بۆ دایکان، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە جیاوازیی مانادارى ئاماری لە نێوان قوتابیانی هەردوو گرووپ لە ئاستی خوێندنی باوکان و دایکاندا نییە و هاوتان، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەنجامەکان بڕوانە خشتەی ژمارە (3).

خشتەی ژمارە (3) نرخی کای دووجا بۆ مانادارى جیاوازیی لە نێوان قوتابیانی هەردوو گروپ لە ئاستی خوێندنی باوکان و دایکاندا

| گۆڕاوەکان | گروپ | نرخی کای دووجا | | مانادارى لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|
| | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئاستی خوێندنی باوکانی قوتابیان | ئەزموونگەری<br>کۆنترۆڵکار | 0.889 | 3.841 | مانادار نییە |
| ئاستی خوێندنی دایکانی قوتابیان | ئەزموونگەری<br>کۆنترۆڵکار | 1.061 | 5.991 | مانادار نییە |

## پێنجەم: کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە دەرەکییەکان(نائەزموونییەکان):

پێویستە ئەو گۆڕاوانە کۆنترۆڵبکرێن و بواریان پێنەدرێت کە کاریگەریی دەخەنە سەر کردارەکانی بەڕێوەچوونی ئەزموونەکە، دەبێت توێژەر تەنها بوار بە گۆڕاوی سەربەخۆ بدات کاریگەری هەبێت لە سەر گۆڕاوی وابەستە نەك گۆڕاوە نائەزموونییەکانی تر(الجابري و صبري 2015 : 100).

بۆیە توێژەر بەمەبەستی بەدەستهێنانی دروستی ناوەکی و دەرەکی ئەزموونەکە، هەوڵیداوە کاریگەری ئەو گۆڕاوە نائەزموونییانە لە سەر گۆڕاوی وابەستە کەمبکاتەوە یان نەهێڵێت، کە لەوانەیە کاریگەریی بکاتە سەر دروستی ناوەکی و دەرەکی ئەزموونەکە، جگە لە هێشتنەوەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ، ئەو گۆڕاوانەش هەندێکیان بە دروستی ناوەکی و هەندێکیان بە دروستی دەرەکی دیزاینی ئەزموونگەری گرێدراون.

**أ. دروستی ناوەکی:**

دروستی ناوەکی ئەوکاتە بەدیدەهێنرێت، کە توێژەر لە ئەزموونداکۆنترۆڵی ئەو فاکتەر و گۆڕاوە نائەزموونییانە دەکات، کە کار لە دروستی و وردی ئەنجامەکان دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو فاکتەر و گۆڕاوە نائەزموونییانە کار نەکەنە سەر گۆڕاوی کارتێکراو (وابەستە) جگە لە هێشتنەوەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ (الرفوع، 2016: 18). بۆ ئەم مەبەستە توێژەر بەپێی توانای خۆی، هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەم فاکتەر وگۆڕاوانەی داوە: (جیاوازی هەڵبژاردنی قوتابیانی سەمپڵی توێژینەوە، ڕوداوە هاوکاتەکانی، ئامادەنەبوون یان دابڕان لە خوێندن لە ماوەی ئەزموونەکەدا، کرداری گەشەکردن، ئامرازی پێوانەکردن)

**ب. دروستیی دەرەکی:**

مەبەست لە دروستیی دەرەکی، ڕادەی توانای گشتاندنی ئەنجامەکانی سەمپڵی توێژینەوەیە لە سەر کۆمەڵی توێژینەوە لە هەمان بارودۆخ و ڕێکارەکانی بەڕێوەچوونی ئەزمووندا(نبي و حاجي، 2022: 187- 188)، هەندێ فاکتەری دەرەکی هەن کە ڕەنگە بە جۆرێك لە جۆرەکان کاربکەنە سەر ڕادەی گشتاندنی ئەنجامی ئەزموونەکان کە دەبێت کۆنترۆڵی ئەو فاکتەرانە بکرێن و کاریگەرییەکانیان بێ لایەن بکرێن، هەر بۆ ئەم مەبەستە توێژەر بەپێی توانا هەوڵیداوە کۆنترۆڵی ئەم فاکتەر و گۆڕاوانە بکات و کاریگەرییەکانیان کەم بکاتەوە و بێ لایەنیان بکات لەوانەش:(تێکەڵبوونی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لە گەڵ لایەنگریی لە هەڵبژاردندا، کاریگەریی تاقیکردنەوەی پێشی، کاریگەریی ڕێکارەکانی ئەزموونی وەکو: نهێنی ئەزموون، مامۆستا، بابەتی خوێندن، ژینگەی قوتابخانە و پۆلی خوێندن، دابەشکردنی بەشەوانەکان، ماوەی ئەزموون)

## شەشەم: پێداویستییەکانی توێژینەوەکە:

بۆ جێبەجێکردنی ئەزموونی توێژینەوەکە، پێویستە لە سەرەتای ئەزموونەکەوە ئەم پێداویستیانەی خوارەوە ئامادەبکرێن.

**1. دیارییکردنی بابەتی خوێندن:**

توێژەر ئەو بابەتانەی دیاریکرد، کە پێویستە لە ماوەی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە بە قوتابیانی هەردوو گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکار بوترێنەوە، هەروەکو لە سنوری توێژینەوەکە ئاماژە پێدراون.

**2. هەڵێنجان و دارشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکان:**

مەبەست لە ئامانجی ڕەفتاری ئەو گۆڕانکارییەیە، کە چاوەڕوان دەکرێت لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی قوتابیدا ڕووبدات، لە کۆتایی ماوەیەکی دیاریکراوی خوێندندا، هەڵێنجان و دارشتنی ئارمانجە ڕەفتارییەکان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بایەخێکی زۆریان هەیە، هەروەها یارمەتی مامۆستا دەدات بۆ دیاریکردنی کاتی پێویست بۆ وانەگوتنەوە و هێنانەدی ئارمانجە دیاریکراوەکانی وانەکە (رسول، 2014: 43 - 44).

بە مەبەستی ئامادەکردنی پلانی وانەگوتنەوە بۆ ئەو بابەتانەی، کە لە ماوەی ئەزمووندا دەوترێنەوە، توێژەر بەپێی هەرسێ ئاستی یەکەمی پۆلینی بلۆم(بیرهێنان، تێگەیشتن، پراکتیك) لە بواری مەعریفیدا، ئامانجی ڕەفتاری هەڵهێنجا و دایڕشت، کە (87) ئارمانج لە ئاستی (بیرهێنان) و (31) ئامانج لە ئاستی (تێگەییشتن) و(25) ئامانجیش لە ئاستی (پراکتیك )بوون، بۆ مەبەستی دڵنیابوون لە دروستی هەڵێنجان و دارشتنی ئامانجەکان توێژەر لیستی ئامانج و ناوەرۆکی بابەتەکانی ئەزموونی ڕادەستی لێژنەیەك لە پسپۆرانی تایبەتمەند کرد، پاش بەکارهێنانی هاوکێشەی (جی کۆپر - J. cooper) (الوكيل و المفتي،2007: 236)، لە سەر ڕای پسپۆران لە ئەنجامدا دەرکەوت کە (81) ئامانج لە ئاستی (بیرهێنان) و (31) ئامانج لە ئاستی (تێگەییشتن) و (18) ئامانجیش لە ئاستی (پراکتیك)دا ڕێژەی ڕازیبوونی (80% ) و زیاتریان بەدەستهێنا و پەسەندکران.

**3. ئامادەکردنی پلانی وانەگوتنەوە:**

پلان بریتییە لە کۆمەڵێك هەنگاوی یەك لە دوای یەك کە لە لایەن مامۆستای بابەتەوە دادەڕێژرێت و لە کاتی وانەگوتنەوە جێبەجێدەکرێت بۆ گەییشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان، ئەویش بە سودوەرگرتن لە هۆکار و ئامرازەکان بە کەمترین هەوڵ و تێچوون(قادر، 2018: 62). هەر بۆ ئەم مەبەستە توێژەر بەپێی ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی، کە لە ماوەی ئەزمووندا دەوترێنەوە و ئەو ئامانجە ڕەفتارییانەی کە دارێژراون و بەپێی ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ و ڕێگای ئاسایی و سود بینین لە پلانی وانەگوتنەوە لە هەندێ توێژینەوەی پێشووی پەیوەندیدار (26) پلانی ئامادەکرد، بە شێوەیەك کە (13) پلانی وانەگوتنەوەی بە پێی ستراتیجییەتی وانەوتنەی ئاڵوگۆڕ بۆ گروپی ئەزموونگەری ئامادەکرد و (13) پلانی وانەگوتنەوەشی بە پێی ڕێگای ئاسایی  بۆ گروپی کۆنترۆڵکار ئامادەکرد، پاشان بۆ مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاست و دروستی هەردوو جورە پلان، توێژەر دوو نموونەی پلانی وانەگوتنەوەی ڕادەستی لێژنەیەکی شارەزا لە پسپۆران کرد و تێبینییەکانیانی لەبەرچاوگرت و ئامادەبوو بۆ جێبەجێکردن.

## حەوتەم: ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە:

### - پێوەری ئارەزوو بۆ خوێندنەوە:

لەبەر نەبوونی هیچ پێوەرێکی گونجاو بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە، کە بتوانێت ئارەزووی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بۆ خوێندنەوە بپێوێت، قوتابی/ توێژەر ئەم ڕێکارانەی خوارەوەی گرتەبەر بۆ ئامادەکردنی پێوەری ئارەزوو بۆ خوێندنەوە:

1. سوودوەرگرتن لەو پێوەرانەی، کە لە توێژینەوەکانی پێشوو بەکارهاتوون و لەم توێژینەوەیە ئاماژەیان پێدراوە.
2. تەماشاکردن و سوود وەرگرتن لە پێوەرەکانی هەندێ توێژینەوەی پێشووی پەیوەندیدار بەم توێژینەوەیە، کە باس لە مەیل و ئاراستە و پاڵنەر و ئارەزوو بۆ بابەتی خوێندن بە گشتی و خوێندنەوە بە تایبەتی دەکەن.
3. خوێندنەوەی هەندێ ئەدەبیاتی تایبەت دەربارەی ئاراستە و مەیل و ئارەزوو و سوود لێوەرگرتنیان.

بەپێی ئەم ڕێکارانەی سەرەوە، توێژەر پێوەرێکی سەرەتایی ئامادەکرد، کە پێکهاتبوو لە (30) برگە.

### - دروستی پێوەر:

دروستیی پێوەر، یەکێکە لە گرنگترین پێداویستییەکانی پێوەری دەروونزانی پەروەردەیی، مەبەست لە دروستیی پێوەر ئەوەیە کە پێوەرەکە توانای بەدەستهێنانی ئەو ئارمانجەی هەبێت، کە بۆیدانراوە و تەنیا ئەو خاسییەت و شتە بپێوێت، کە بۆیدانراوە نەك شتێکی تر(عباس و آخرون، 2007: 174).

بۆ دڵنیابوون لە دروستیی پێوەرەکە، توێژەر شێوەی سەرەتایی برگەکانی پێوەرەکەی دایە لێژنەیەك لە شارەزا و پسپۆران بۆ بڕیاردان، لەسەر دروستیی برگەکانی پێوەرەکە، پاش گەڕانەوەی پێوەرەکە لای پسپۆران و  بەکارهێنانی هاوکێشەی (جی کۆپەر)، دەرکەوت کە هەر(30) برگە ڕێژەی ڕازیبوونی (80%) و زیاتری پسپۆرانیان بەدەستهێنا و تێبینییەکانیان لەبەرچاوگیران، هەر وەکو لە خشتەی ژمارە (4)دا دیارە.

خشتەی (4)

ژمارەی برگەکانی پێوەری ئارەزوو و ژمارەی شارەزایان و ڕێژەی ڕازیبوونیان

| ژمارەی برگەکانی پێوەری ئارەزوو | کۆی ژمارەی شارەزایان | ژمارەی ڕازیبووانی شارەزایان | ژمارەی ناڕازیبووانی شارەزایان | ڕێژەی سەدی ڕازیبوونی شارەزایان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 20 | 16 | 4 | 80 |
| 2 | 20 | 18 | 4 | 90 |
| 3 | 20 | 17 | 3 | 85 |
| 4 | 20 | 20 | 1 | 100 |
| 5 | 20 | 19 | 1 | 95 |
| 6 | 20 | 18 | 2 | 90 |
| 7 | 20 | 17 | 3 | 85 |
| 8 | 20 | 18 | 2 | 90 |
| 9 | 20 | 18 | 2 | 90 |
| 10 | 20 | 19 | 1 | 95 |
| 11 | 20 | 20 | 2 | 100 |
| 12 | 20 | 18 | 4 | 90 |
| 13 | 20 | 17 | 3 | 85 |
| 14 | 20 | 20 | 4 | 100 |
| 15 | 20 | 17 | 3 | 85 |
| 16 | 20 | 18 | 2 | 90 |
| 17 | 20 | 19 | 1 | 95 |
| 18 | 20 | 19 | 4 | 95 |
| 19 | 20 | 18 | 2 | 90 |
| 20 | 20 | 20 | 2 | 100 |
| 21 | 20 | 19 | 1 | 95 |
| 22 | 20 | 18 | 2 | 90 |
| 23 | 20 | 20 | 0 | 100 |
| 24 | 20 | 17 | 3 | 85 |
| 25 | 20 | 18 | 3 | 90 |
| 26 | 20 | 17 | 4 | 85 |
| 27 | 20 | 18 | 4 | 90 |
| 28 | 20 | 20 | 2 | 100 |
| 29 | 20 | 19 | 1 | 95 |
| 30 | 20 | 17 | 4 | 85 |

### . شیکردنەوەی ئاماری برگەکانی پێوەر:

بۆ مەبەستی دەرهێنانی هێزی جیاکەرەوەی برگەکان و دڵنیابوون لە ڕوونیان و ڕوونی ڕێنماییەکان و کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی پێوەرەکە، توێژەر هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەزموونەکەوە، بەمەبەستی دەرهێنانی هاوتایی لە نێوان هەردوو گرووپی توێژینەوەکە و زانینی ڕادەی گەشەکردنی ئەم گۆڕاوە پاش کۆتاییهاتنی ئەزموونەکە، پێوەرەکەی بەسەر سەمپڵێك لە دەرەوەی سەمپڵی توێژینەوەکەی لە هەمان کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی جێبەجێکرد، کە (150) قوتابی لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتیبوو لە هەرسێ قوتابخانەی (کوردستانی بنەڕەتی کوڕان) و (ئەیلولی بنەڕەتی کوڕان) و (ختێلەکی بنەڕەتی کوڕان) کە بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردرابوون، پاش ڕاستکردنەوەی وەڵامی قوتابییەکان و ڕیزکردنی نمرەکانیان لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە، توێژەر ڕێژەی (27%)ی بەرزترین نمرەکانی سەرەوە و ڕێژەی (27%)ی نزمترین نمرەکانی خوارەوەی هەڵبژارد ، توێژەر تاقیکردنەوەی تایی(T.test)ی بۆ دوو سەمپڵی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بۆ هەر برگەیەك لە برگەکانی پێوەرەکە بەکارهێنا،(إبراهیم، 2000: 260)، دەرکەوت کە نرخی تایی دەرهێنراو بۆ (28) برگەی پێوەرەکە کەوتە نێوان (2.030 - 6.564)، کە گەورەترن لە نرخی خشتەییەکەیان کە (1.990)ە لە ئاستی مانادراری (0.05) بە پلەی ئازادی (80)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، جیاوازیی ماناداری ئاماریی لە نێوان ناوەندەژمێری نمرەی ئارەزوو بۆ خوێندنەوەی قوتابیانی هەردوو گرووپی سەرەوە و خوارەوە لە (28) برگەی پێوەرەکەدا هەیە و هێزی جیاکەرەوەیان تێدایە، هەروەها برگەکان و ڕێنمایی وەڵامدانەوەش ڕوون و ئاشکرابوون، هەروەها (40) خولەکیش وەکو ناوەندی کاتی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی قوتابییەکان بۆ پێوەرەکە دیاریکرا.

### - جێگیری پێوەر:

مەبەست لە جێگیریی پێوەر ئەوەیە، کاتێك پێوەرێك لە سەر هەمان کەسەکان لە هەمان بارودۆخدا دووبارە دەکرێتەوە، هەمان ئەنجام یان نزیك لەیەك دەدات بەدەستەوە (العزاوي، 2007: 97)، توێژەر بۆ زیاتر دڵنیابوونەوە لە جێگیریی پێوەر، پشتی بە دوو ڕێگا بەستووە، ڕێگاکانیش ئەمانەن:

### 1. ڕێگای دووبارەکردنەوەی پێوەر:

بەمەبەستی دەرهێنانی نرخی جێگیریی پێوەر بەم ڕێگایە، توێژەر (30) قوتابی لە ڕەگەزی کوڕ لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە دەرەوەی سەمپڵی توێژینەوەکەی لە قوتابخانەی (بەربنی بنەڕەتی تێکەڵاو) بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژارد، پاشان پێوەری ئارەزوو بۆ خوێندنەوەی کە (28) برگە مابووەوە بەسەریان جێبەجێکرد، دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە هەمان پێوەری بەسەر هەمان سەمپڵ جێبەجێکردەوە، پاشان توێژەر وەڵامی برگەکانی پێوەرەکەی بۆ هەر (30) قوتابی لە هەردوو جاری جێبەجێکردنی پێوەرەکە ڕاستکردەوە و هاوکێشەی پەیوەندی (پێرسۆن - Person)ی بەسەر نمرەکانی جێبەجێکرد، دەرکەوت، نرخی جێگیریی (0.95)ە، کە ئەم نرخەش بە ڕێژەیەکی باش دادەنرێت بۆ جێگیری ئەم جۆرە پێوەرانە، ئەنجامەکەش لە خشتەی ژمارە (5) دیارە. ( أبو حويج واخرون، 2002: 139).

خشتەی ژمارە (5) نرخی جێگیریی پێوەری ئارەزوو بە پێی هاوکێشەی پێرسۆن

| ژمارەی برگەکانی پێوەری ئارەزوو | نرخی هاوکێشەی پێرسۆن |
|---|---|
| 28 | 0.95 |

### 2. ڕێگای (ئەلفا - کرونباخ ـ Cronbach's alpha ):

توێژەر کە هاوکێشەی (ئەلفا ـ کرونباخ)ی بەسەر نمرەی هەمان قوتابیانی (سەمپڵی شیکردنەوەی ئاماری) بەکارهێنا، دەرکەوت کە نرخی جێگیریی (0.88)ە، کە ئەمەش بە نرخێکی گونجاو دادەنرێت بۆ جێگیری ئەم جۆرە پێوەرانە، ئەنجامەکەش لە خشتەی ژمارە (6) دیارە. (أبو حويج واخرون، 2002: 139).

خشتەی ژمارە (6) نرخی جێگیریی پێوەری ئارەزوو بە پێی هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ

| ژمارەی برگەکانی پێوەری ئارەزوو | نرخی هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ |
|---|---|
| 28 | 0.88 |

دوای ئەنجامدانی ئەو ڕێکارانەی سەرەوە، پێوەرەکە شێوەی کۆتایی وەرگرت، کە پێکهاتووە لە (28) برگە و بەرامبەر هەر برگەیەکیش (3) بژاردە دانراوە بۆ هەڵبژاردنی یەکێکیان، کە بریتین لە بژاردەکانی (بەڵێ هەمیشە، هەندێ جار، نەخێر هیچ جار)، بە شێوەیەك کە (بەڵێ هەمیشە) (3) نمرە و (هەندێ جار) (2)نمرە و (نەخێر هیچ جار)یش (1)نمرە بۆ هەر برگەیەك دانراوە، بەم شێوەیەش پێوەرەکە ئامادەبوو بۆ جێبەجێکردن بەسەر قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوەکە.

### هەشتەم: ئەنجامدانی ئەزموونەکە:

توێژەر لە ڕێکەوتی (2024/9/25) لە هەردوو قوتابخانە دەست بەکاربوو ، دوای ئەوەی کە هەموو پێداویستییەکانی بەڕێوەچوونی ئەزموونی ئامادەکرد، لە ڕێکەوتی (2024/10/10) دەستی بە ئەنجامدانی ئەزموونەکە و وانەوتنەوە کرد، بە گوتنەوەی (2) بەشەوانە لە هەفتەیەکدا بۆ هەر گروپێکی توێژینەوەکە لە وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی (2024 - 2025)، کە بەردەوام بوو تا ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی (2025/1/5)، توێژەر بۆ ماوەی وەرزێکی تەواو خۆی وانەی بە قوتابیانی هەردوو گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکار وتەوە، بە شێوەیەك لە گروپی ئەزموونگەریی بەپێی هەنگاوەکای ستراتیجییەتی(وانەگوتنەوەی ئاڵگۆڕ) و بە پێی پلانی وانەگوتنەوەکە بۆ ئەم ستراتیجییەتە ئامادەکرابوو وانەی پێیان وتەوە و لە گروپی کۆنترۆلکاریش بەپێی ڕێگای ئاسایی و بەپێی ئەو پلانەی، کە بۆی ئامادەکرابوو وانەی پێیانوتەوە.

### نۆیەم: پراکتیکردنی ئامرازی توێژینەوەکە و ڕاستکردنەوەی:

### أ. پراکتیککردنی ئامرازی توێژینەوەکە:

### - پێوەری ئارەزوو بۆ خوێندنەوە:

توێژەر پێوەری (ئارەزوو بۆ خوێندنەوە)ی لە کۆتایی ئەزموونداـ لە ڕێکەوتی (2024/12/23) لە یەککاتدا بەسەر هەردوو گروپی (ئەزموونگەریی و کۆنترۆڵکار) بەیارمەتی ماموستای بابەت لە هەر قوتابخانەیەك جێبەجێکرد، بۆ زانین قوتابی/توێژەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەزموونیش هەمان پێوەرەی لە ڕێکەوتی (2024/10/8) بەسەر هەردوو گروپدا جێبەجێکردبوو، بە مەبەستی دڵنیابوون لە هەبوونی هاوتایی لە نێوان قوتابیانی هەردوو گرووپی توێژینەوە لەم گۆڕاوەدا و زانینی ڕادەی گەشەکردنی پێوەری ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لای قوتابیانی هەردوو گرووپی توێژینەوە دوای تەواوبوونی ئەزموون.

### ب. ڕاستکردنەوەی ئامرازی توێژینەوەکە:

## پێوەری ئارەزوو بۆ خوێندنەوە:

توێژەر ئەم پێوەرەی ڕاستکردەوەهیە، بە گرتنەبەری هەمان ئەو ڕێکارانەی کە لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەزموونەکە لە جێبەجێکردنی پێشی ئەنجامیدا، بە مەبەستی زانینی هاوتایی لە نێوان قوتابیانی هەردوو گرووپی توێژینەوە، لەم گۆڕاوەدا و زانینی ڕادەی گەشەکردنی پێوەری ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لای قوتابیانی هەردوو گرووپی توێژینەوە دوای تەواوبوونی ئەزموون، کە بۆ بژاردەکانی (بەڵێ هەمیشە، هەندێ جار، نەخێر هیچ جار) نمرەی (3 ، 2 ، 1)ی بۆ دانا، بەرزترین نمرەی پێوەر (84) نمرەیە و نزمترینیشیان (28) نمرە و ناوەندەکەشی (56) نمرەیە.

## دەیەم: ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:

**1- تاقیکردنەوەی تایی (t.test)ی بۆ دوو سەپڵی سەربەخۆی ژمارە نایەکسان:** بۆ دەرهێنانی هاوتایی لە نێوان قوتابیانی هەردوو گرووپی توێژینەوە لە هەندێ گۆڕاودا و لە نمرەی تاقیکردنەوەکانی پێشی بۆ پێوەری (ئارەزوو بۆ خوێندنەوە) سەلماندنی گریمانەی توێژینەوەکە بەکارهێرا.

**2- تاقیکردنەوەی تایی (t.test)ی بۆ دوو سەپڵی سەربەخۆی ژمارە یەکسان:** بۆ دەرهێنانی هێزی جیاکەرەوەی برگەکانی پێوەری (ئارەزوو بۆ خوێندنەوە) بەکارهێنرا.

**3- کای دووجا (کا$^2$) - Chi Square):** بۆ دەرهێنانی هاوتایی لە نێوان قوتابیانی هەردوو گرووپی توێژینەوە لە گۆڕاوی ئاستی خوێندنی دایکان و باوکانی قوتابیان ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە بەکارهێرا.

**4- هاوکێشەی (J. Cooper):** ئەم هاوکێشەیە بۆ دەرهێنانی ڕێژەی ڕازیبوونی پسپۆڕان و شارەزایان لە سەر هەندێك لە پێداویستییەکان و ئامرازەکانی توێژینەوە بەکارهێنرا.

**5- هاوکێشەی (ئەلفا - کرونباخ - Coefficient,(a)):** ئەم هاوکێشەیە بۆ دەرهێنانی ڕێژەی جێگیری برگەکانی پێوەری ئارەزوو بۆ خوێندنەوە بەکارهێنرا.

**6- هاوکێشەی پەیوەندی (پێرسۆن - Person):** ئەم هاوکێشەیە بۆ دەرهێنانی ڕێژەی جێگیریی پێوەری (ئارەزوو بۆ خوێندنەوە)ش لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە بەکارهێنرا.

**7- هاوکێشەی ( دووجای ئیتا . (n$^2$) Eta squared, ( ):** ئەم هاوکێشەیە بۆ دۆزینەوەی ڕادەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ بەکارهێنراوە.

**8- هاوکێشەی قەبارەی کاریگەری (d) Cohen:** ئەم هاوکێشەیە بۆ دۆزینەوەی قەبارەی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ بەکارهێنراوە.

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان

### یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان:

### گریمانەی توێژینەوەکە

جیاوازیی مانادارى ئامارى نییە لە ئاستی (0.05)دا، لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەی جیاوازی گەشەکردنی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لای قوتابیانی گرووپی ئەزموونگەری، کە بابەتی خوێندنەوەی کوردی بەپێی ستراتیجییەتی وانە وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ وەردەگرن و ناوەندە ژمێری نمرەی جیاوازیی گەشەکردنی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لای قوتابیانی گرووپی کۆنترۆڵکار کە هەمان بابەت بە ڕێگای ئاسایی وەردەگرن.

بۆ سەلماندنی ڕاستیی ئەم گریمانەیە، توێژەر ناوەندە ژمێری بۆ نمرەکانی جیاوازیی گەشەکردنی ئارەزوو، بۆ خوێندنەوەی لە پراکتیککردنی پێشی و پاشی بۆ قوتابیانی هەردوو گرووپی توێژینەوەی دەرهێنا، کە ناوەندەژمێری بۆ نمرەکانی جیاوازی گەشەکردنی گرووپی ئەزموونگەری گەیشتە (12.10) و بۆ نمرەکانی گرووپی کۆنترۆڵکاریش گەیشتە (6.09)، دەرکەوت، کە جیاوازی لە نێوان ئەم دوو ناوەندە ژمێرییەدا هەیە، بۆ زانینی دەلالەتی ئاماریی ئەم جیاوازییەش، قوتابی/ توێژەر تاقیکردنەوەی تایی (T.test)ی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی ژمارە نایەکسان بەکارهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە نرخی تایی دەرهێنراو (3.730)یە، کە زیاترە لە نرخی خشتەییەکەی (2.021) لە ئاستی مانادارى (0.05) بە پلەی ئازادی (40)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بوونی جیاوازی مانادارى ئامارى لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەی جیاوازی گەشەکردنی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لای قوتابیانی هەردوو گرووپی توێژینەوە، لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونگەریدایە، واتە بەکارهێنانی  ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ، لە گوتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا، کاریگەرییەکی باشتری هەبوو لە گەشەپێدانی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لای قوتابیان بە بەراورد بە ڕێگای ئاسایی بەکارهێنراو لە گوتنەوەی هەمان بابەتدا، بەم شێوەیەش ئەم گریمانە (سفری)یە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە (بدیل) پەسەند دەکرێت. ئەنجامەکە لە خشتەی ژمارە (7) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (7) ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی لە نێوان ناوەندە ژمێری نمرەی جیاوازی گەشەکردنی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لای قوتابیانی هەردوو گرووپی توێژینەوە

| گروپ | ژمارەی قوتابیان | ناوەندەژمێری | | ناوەندە ژمێری جیاوازی | لادانی پێوەری جیاوازی | نرخی تایی | | دەلالەت لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | پێشی | پاشی | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزموونگەری | 20 | 59.15 | 71.25 | 12.10 | 5.600 | 3.730 | 2.021 | مانادارە |
| کۆنترۆلکار | 22 | 61.64 | 67.73 | 6.09 | 4.839 | | | |

## قەبارەی کاریگەری:

بەمەبەستی زانینی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ، چەند ئاستێك بۆ مانادارى نرخی هەریەکە لە $(n^2)$ و $(d)$ بەکاردەهێنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر قەبارەی کاریگەری، بۆ ئەوەی دڵنیابینەوە لە قەبارەی جیاوازی بەدەستهاتووە، کە ئەم ئاستانەش وەك پێوەر یان پلە دێتە بەکارهێنان، بۆ ئەوەی نرخی $(n^2)$ و $(d)$ بەدەستهاتووە لە گەڵ ئەم ئاستانەی پێوەر بەراوردبکرێن بۆ دیاریکردنی قەبارەی کاریگەرییەکە، ئاستەکانی پێوەریش هەر وەکو لە خشتەی ژمارە (8) دیاریکراوە.

خشتەی ژمارە(8) ئاستەکانی پێوەری قەبارەی کاریگەری $(n^2)$ و $(d)$

| ئامرازی بەکارهاتوو | ئاستەکانی قەبارەی کاریگەری | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بچووك | مامناوەند | گەورە | زۆر گەورە |
| $n^2$ | 0.01 | 0.06 | 0.14 | 0.20 |
| $d$ | 0.2 | 0.5 | 0.8 | 1.1 |

(أبو جبارة، 2013: 106)، (قرمان، 2014: 120)

توێژەر بۆ زانینی قەبارەی کاریگەری ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ لەسەر گەشەپێدانی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لای قوتابیان، نرخی دووجای ئیتا $(n^2)$ی دەرهێنا، پاشان هاوکێشەی قەبارەی کاریگەری $(d)$ی پراکتیککرد، نرخەکانیان و ئاستی قەبارەی کاریگەریان هەروەکو لە خشتەی ژمارە (9)دا دیاریکراوە.

خشتەی ژمارە (9) نرخی (t)ی دەرهێنراو و نرخی $(n^2)$ و $(d)$ و ئاستی قەبارەی کاریگەری

| نرخی$(t)$ | نرخی$(n^2)$ | نرخی$(d)$ | ئاستی قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|
| 3.730 | 0.258 | 1.179 | زۆر گەورەیە |

پاشان هەردوو نرخی بەدەستهێنراوی $(n^2)$ و $(d)$، کە لە خشتەی ژمارە (9)ی سەرەوەدا هاتووە، لە گەڵ ئاستەکانی پێوەری دیاریکراوی $(n^2)$ و $(d)$ بەراوردکران، کە لە خشتەی ژمارە (8) لە پێشدا دیاریکراوە، دەردەکەوێت،کە قەبارەی کاریگەرییەکە زۆر گەورەیە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گوتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی بە پێی ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەیە لە گەشەپێدانی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لای قوتابیان، بە بەراورد بە ڕێگای ئاسایی بەکارهێنراو لە گوتنەوەی هەمان بابەتدا، ئەمەش دەبێتە پاڵپشتییەکی بەهێز بۆ ئەو ئەنجامەی، کە بەدەستهاتووە لە خشتەی ژمارە (7)دا، کە دەرکەوتووە جیاوازی مانادارى ئاماری لە نێوان ناوەندەژمێری نمرەی جیاوازی گەشەکردنی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لای قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوەدا هەیە، لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەریدایە.

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لە گەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی ( العبیدي، 2013) و (نبي والخالد، 2014) و (محمد، 2015) وەکو یەکن لە گەشەکردنی مەیل و ئارەزوو و پاڵدەری قوتابیان بۆ خوێندن بەگشتی و خوێندنەوە بە تایبەتی لە بەکارهێنانی هەمان ستراتیجییەت یان ستراتیجییەتێکی تر.

## دووەم: گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامەکان:

بە پێی ئەو ئەنجامانەی کە بۆ گریمانەی توێژینەوەکە لە خشتەکانی ژمارە (7، 9) خراونەتەڕوو، دەردەکەوێت کە گوتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی بە پێی ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ بۆ قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی کاریگەرییەکی زۆر گەورەی بە بەڵگەی مانادارى ئاماری و مانادارى کرداری (قەبارەی کاریگەری) لە سەر ئارەزوو بۆ خوێندنەوە هەبووە، واتە ئەو قوتابیانەی، کە لە گروپی ئەزموونگەریدابوون و بابەتی خوێندنەوەی کوردیان بەپێی ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ وەرگرتووە، ئارەزوویان بۆ خوێندنەوە زۆر باشتربوون، بە بەراورد بەو قوتابیانەی کە لە گروپی کۆنترۆڵکاردابوون و هەمان بابەتیان بە ڕێگای ئاسایی وەرگرتووە.

توێژەر پێی وایە، کە قەبارەی کارتێکردنی زۆر گەورەی ئەم ستراتیجییەتە لە سەر ئەم گۆڕاوی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە و بەدەستهێنانی ئەو ئەنجامەی، کە ئاماژە بە سەرکەوتنی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری دەدەن، لە بەرزکردنەوەی ئاستی ئارەزوویان بۆ خوێندنەوە بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە لەوانە:

1. ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ چالاکییەکی فێرکاری پەروەردەیی نوێیە، کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لە لەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا هەیە و بەپێی ئەم ستراتیجییەتە قوتابی بە تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێربوون دادەنرێت، چونکە ئەم ستراتیجییەتە لەسەر بنەمای گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی ڕۆڵ، لە پرۆسەی پەروەردەیی لە نێوان قوتابیان و مامۆستایان و قوتابیان خۆیان دامەزراوە، بۆ باشترکردنی ئارەزووی قوتابیان بۆ خوێندنەوە.
2. جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ئەم ستراتیجییەتە بە شێوەیەکی دروست بەسەر قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری، وەکو هەنگاوەکانی (پێشبینیکردن، پرسیارکردن، ڕۆنکردنەوە، کورتکردنەوە) وا لە قوتابیان دەکات لە گێڕانی هەر ڕۆڵێك شتێك فێربن، لە کاتی جێبەجێکردنی هەنگاوی پێشبینیکردن، توانای پێشبینییان بۆ ڕووداوەکانی ناو دەقێکی خوێندنەوە بە هێزتر دەبێت و لە هەنگاوی پرسیارکردنیش قوتابیان فێری شێوازی ئاراستەکردنی پرسیار دەبن، هەنگاوی ڕۆنکردنەوەش وا لە قوتابیان دەکات کە ئەو وشەو ڕستانەی کە لایان ڕۆن نییە بۆیان ڕۆنبێتەوە، لە هەنگاوی کورتکردنەوەش قوتابیان جەخت لەسەر گرنگترین هزرە سەرەکییەکانی ناو دەقەکە دەکەنەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە قوتابیان توانای کورتکردنەوەیان بەهێزبێت، جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانەش دەبێتەهۆی ئەوەی، کە قوتابیان ئاستی خوێندنەوەیان باشتربێت و تێگەیشتنێکی باشیشیان لەسەر بابەتەکە هەبێت و ئەم چالاکیانەش، کە خۆشییەك دەداتە قوتابیان و وایانلێدەکات کە ئارەزوویان بۆ بابەتەکە زیاتربێت.
3. ڕۆڵی مامۆستا لەم ستراتیجییەتە تەنها سەرپەرشتیکردن و ئاراستەکردنی قوتابیانە و کۆنترۆڵکردنی گفتوگۆیانە و قوتابیانیش ئەرکی بەرپرسیارەتی فێربوونی خۆیان لە ئەستۆ دەگرن و خۆیان بەدوای زانیارییەکان دەگەڕێن و پشت بەخۆیان دەبەستن، لە کاتی جێبەجێکردنی ئەو ڕۆڵەی لە ناو گروپەکاندا پێیاندەدرێت، ئەم ستراتیجییەتە ڕۆڵی قوتابیانی گۆڕی لە جیاتی ئەوەی، کە لە پۆلدا تەنها گوێگربن، بوونە بەشدارییەکی کارا و چالاك و ڕۆلی هەرچوار هەنگاوەکانی ستراتیجییەتەکە دەبینن، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی ئارەزوویان بۆ خوێندنەوە.
4. شێوازی گوتنەوەی بابەتی خوێندنەوە بەپێی ئەم ستراتیجییەتە بۆ قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری شێوازێکی نوێ بوو، کە پێشتر بەم شێوازە بابەتی خوێندنەوەیان پێ نەوتراوەتەوە، ئەمەش وایکرد، کە ژینگە و کەشێکی نوێی خوێندن بێتەئاراوە، بەمەش فێربوونی کارا لەناو پۆلدا دروستبوو، کە بووە هۆی ئەوەی قوتابی لەناو پۆلدا هەست بەخۆشی و ئارامی بکات و حەز و ئارەزووی فێربوونی بۆ بابەتی خوێندنەوە بچێت.
5. ئەو قوتابیانەی، کە گۆشەگیر و شەرمن و کێشەی فێربوونیان لەناو پۆلدا هەیە، ئەوا لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیجییەتە و دەستپێکردنی دیالۆگ و چالاکییەکانی ناو پۆل، وا لەو قوتابیانە دەکات و هانیان دەدات کە بەشداری لەو دیالۆگ و چالاکیانەدا بکەن و ئارەزوویان بۆ وانەکە بچێت و ئەو زانیارییانەی، کە وەریدەگرن بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لە مێشکیاندا بمێنێتەوە، ئەمەش یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە بووە هۆی سەرکەوتنی گروپ ئەزموونگەری و گەشەکردنی ئارەزوویان بۆ بابەتەکە.
6. هەنگاوەکانی ئەم ستراتیجییەتە لە گەڵ تەمەنی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی دەگونجێت.

ئەم هۆکار و لێکدانەوە و بیروبۆچوونانەی لە سەرەوە باسکران، هاوران لەگەڵ زۆربەی ئەو ئەدەبیاتانەی، کە باسیان لە کارایی بە کارهێنانی ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ لە وانەگوتنەوەدا کردووە و باسیان لەوەکردووە، کە ئەم ستراتیجییەتە کاریگەرییەکی باش و ئەرێنی لەسەر گەشەپێدانی ئارەزووی قوتابیان بۆ خوێندن هەیە، لەو ئەدەبیاتانەش (الكعبي، 2018: 267 - 275)، (حاجي و الديرشوي، 2019: 128 - 132)، (الموسوي و شرهان، 2020: 355 - 363)، (السلطاني و محمد، 2020: 185 - 198)، (أبو شريخ، 2024: 330 – 338).

## دەرئەنجام، ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

### یەکەم: دەرئەنجامەکان:

1. بەکارهێنانی ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ لە گوتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا، بۆ قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، کارا و کاریگەربوو بە قەبارەیەکی زۆر گەورە، لە گەشەپێدانی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە، بە بەراورد بە ڕێگای ئاسایی بەکارهێنراو لە گوتنەوەی هەمان بابەتدا.
2. گوتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی بە پێی ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ، شێوازێکی نوێ و سەردەمیانەیە بۆ قوتابیان، لە پۆلدا جۆرە ئازادییەك بە قوتابیان دەدرێت و بوار بە قوتابیان دەدرێت بۆ گفتوگۆ و دەربڕینی ڕاوبۆچوونیان بە ئازادانە، قوتابی دەبێتە سەنتەری پرۆسەی فێرکردن و فێربوون، وا لە قوتابیان دەکات، کە زیاتر کارا و چالاك بن لە پۆلدا و بە پەرۆشەوە بەشداری لە وانەکەدا بکەن و ئارەزوویان بۆ بابەتی وانەکە زیاتربێت.

3. هەر چەندە گوتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی بۆ قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بە پێی ڕێگای ئاسایی، تا ڕادەیەك کاریگەری هەبوو لەسەر گەشەکردنی ئارەزوویان بۆ خوێندنەوە، بەڵام ئاستی گەشەکردنەکە زۆر کەمترە، بە بەراورد لە گەڵ ئاستی ئەو گەشەیەی لە ئەنجامی گوتنەوەی هەمان بابەت بە پێی ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ، بەدەستهات.

## دووەم: ڕاسپاردەکان:

1. پێویستە بەشی زمانی کوردیی لە کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆکانی کوردستان، ئەو ستراتیجییەت و ڕێگا نوێیانەی، کە کاران و قوتابیان تیایاندا زیاتر بەشداری لە چالاکییەکانی ناوپۆلدا دەکەن، لەوانەش ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ، بیخەنە ناو پرۆگرامی بابەتی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، بۆ ئەوەی قوتابیانی کۆلێژ لەسەر ئەم ستراتیجییەتانە ڕابهێنرێن و پاش دەرچوونیان، بتوانن لە قوتابخانەکاندا بەکاریبهێنن، لەبەر ئەوەی ئەم کۆلێژانە بۆ دەرچووانی مامۆستایانە کە لە ئاییندەدا لە قوتابخانەکان وانەدەڵێنەوە.
2. ڕاسپاردنی بەڕێوەبەرایەتیی مەشق و ڕاهێنان لە بەڕیوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای دهۆك بە کردنەوەی خولی تایبەت بە ڕاهێنان و شیاندن، کە ساڵانە ئەنجامبدرێت، ئەویش بە سوود وەرگرتن لە پسپۆرانی ڕێگاکانی وانەگوتنەوە لە کۆلێژەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بۆ مەشقپێکردن و ڕاهێنانی مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی ئەوانەی لە قۆناغی بنەڕەتی وانە دەڵێنەوە، لەسەر بەکارهێنانی ئەو ستراتیجییەتە نوێیانەی وانەگوتنەوە، کە کارا و کاریگەرن، لە گوتنەوەی بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا، لە نێو ئەو ستراتیجییەتانەش ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕە.
3. ڕاسپاردنی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە کاتی سەرەدانەکانیاندا، کە مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی هانبدەن، کە گرنگیی بە بەشی خوێندنەوە لە بابەتی خوێندنەوە و ڕێزمانی کوردی بدەن، ئەویش بە بەکارهێنانی ستراتیجیەتی وانەوتنەوەی ئاڵوگۆڕ،کە تیایدا قوتابی دەبێتە تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون.
4. گرنگە مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی ئەوانەی لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا وانەدەڵێنەوە، ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ بەکاربهێنن، چونکە بەکارهێنانی ئەم ستراتیجییەتە، دەبێتە هۆی گەشەپێدانی ئارەزوو بۆ خوێندنەوە لای قوتابیان.
5. سوود وەرگرتنی مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی لە پێوەری (ئارەزوو بۆ خوێندنەوە)، ئەوەی کە بۆ ئەم توێژینەوەیە ئامادەکراوە، بۆ زانینی ئاستی ئارەزووی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بۆ خوێندنەوە، پاشان گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بە گوێرەی ئەنجامەکان.

## سێیەم: پێشنیارەکان:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تر، هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، بەڵام لەسەر بابەتێکی تر یان پۆلێکی تری قۆناغی بنەڕەتی.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تر، لە سەر کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی وانەگوتنەوەی ئاڵوگۆڕ لەسەر دەستکەوتی قوتابیان لە بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا و گەشەپیدانی هەندێک گۆڕاوی تری وەکو(بیرکردنەوەی داهێنەرانە، باوەڕبەخۆبوون، پاڵنەری فێربوون، مەیلی خوێندنەوە، لەبیرمانەوە).
3. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تر، بە بەکارهێنانی هەر ستراتیجییەتێکی تری دواوەی زانین (میتاکۆگنیشن)، کە قوتابیان بە شێوەی گروپ بخوێنن و پەرە بە گەشەکردنی ئارەزووی قوتابیان بدات لە قۆناغی بنەڕەتی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا.
4. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تر، هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، بە وەرگرتنی هەردوو ڕەگەز، بۆ بەراوردکردن لە نێوان (کوڕ و کچ) لە بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەپێدانی ئارەزوویان بۆ بابەتی خوێندنەوە.

## لیستی سەرچاوەکان


1. حاجي، ستار جبار و الديرشوى، عبد المهيمن عبد الحكيم (2019)، ستراتێژییەت و شارەزایێن هەڤچەرخ د وانەگوتنێ دا چارچوپێن تیوری و پراکتیکێنکرداری، زانکۆیا زاخۆ، هەرێما کوردستانێ - عیراق.
2. حکومەتا هەرێما کوردستانێ - عیراق، وەزارەتا پەروەردێ، رێڤەبەریا گشتی یا پرۆگرام و چاپەمەنییا (2024)، خواندن و رێزمانا کوردی، (قۆناغا بنەڕەتی – پۆلا شەشێ)، چاپا شازدێ، چاپکرنا (**NorthLight HOLDING**).
3. رسول، رسول ابراهيم (2014)، دەروازەیەك بۆ وانەگوتنەوە، چاپخانەی نارین، هەولێر، هەرێمی کوردستان - عیراق.
4. رەشید، سروە عەلائەدین عومەر (2015)، کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی (**SQ3R**) لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە بابەتی خوێندنەوەی کوردیدا و گەشەپێدانی مەیلیان بۆ خویندنەوە، نامەی ماستەر، زانکۆي سەڵاحەددین، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، هەولێر، هەرێمی کوردستان – عیراق.
5. ڕەزا، ئاسۆ مەحموود (2023)، ڕێبەری توێژەری زانستی، چاپخانەی ئاسیا، سلێمانی، هەرێمی کوردستان - عیراق.
6. شێروانی، چیمەن هەمزە دەروێش (2015)، کاریگەری بەکارهێنانی شێوازی فێربوونی هەرەوەزی لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی لە بابەتی ئەدەبی کوردیدا و گەشەپێدانی مەیلی ئەدەبی و نەریتەکانی عەقڵیاندا، نامەی ماستەر، زانکۆي سەڵاحەددین، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، هەولێر، هەرێمی کوردستان – عیراق.
7. عزیز، کریم احمد (2021ب)، ستراتیژە نوێیەکانی وانەگوتنەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر، هەرێمی کوردستان - عیراق.
8. عزیز،کریم أحمد (2021أ)، فێرکردنی بیرکردنەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر، هەرێمی کوردستان - عیراق.
9. قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین (2018)، ڕێگاکانی وانەگوتنەوە، چاپی دووەم، چاپخانەکانی تهران.
10. محەمەد، خەڵات عەبدولقەهار (2015)، کاریگەریی بەکارهێنانی ستراتیجییەتی هەژاندنی مێشك لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ئەدەبی کوردیدا و گەشەپێدانی باوەڕبەخۆبوون و ئارەزوویان بۆ خوێندن و فێربوونی ئەدەب، نامەی ماستەر، زانکۆي سەڵاحەددین، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، هەولێر، هەرێمی کوردستان – عیراق.
11. ئاغا، شێرزاد عەلی ئەحمەد (2016)، کاریگەری بە کارهێنانی ستراتیژییەتی هەژاندنی هزری لە بەدەستهینانی دەستکەوتی قوتابیانی پولی هەشتەمی بنەڕەتی وگەشەپێدانی پاڵنەری زانیاری لە وانە وتنە وەی بابەتی مێژوودا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کولێژی پەروەردەی بنەڕەتی، هەولیر، هەرێمی کوردستان – عیراق.
12. إبراهيم، مجدي عزيز (2009)، معجم المصطلحات و مفاهيم التعليم والتعلم، عالم الكتب للنشر والتوزيع، القاهرة – مصر.
13. إبراهيم، مروان عبد المجيد (2000)، الاحصاء الوصفي و الاستدلالي، دار الفكر للطباعة والنشر، عمان - الاردن.

14. أبو الحاج، سها أحمد و المصالحة، حسن خليل، (2016)، استراتيجيات التعلم النشط، الناشر مركز ديبونو لتعليم التفكير، عمان – الاردن.
15. أبو جبارة، ميره ماهر علي (2013)، اثر برنامج محوسب لتنمية مهارات القراءة الجهرية لتلاميذ الصف الأول الأساسي في وكالة الغوث الدولية في غزة، رسالة ماجستير، جامعة الازهر، كلية التربية، غزة - فلسطين.
16. ابو حويج، مروان واخرون (2002)، القياس والتقويم في التربية وعلم النفس، دار العلمية للنشر والتوزيع عمان - الأردن.
17. أبو شريخ، شاهر (2024)، تصميم التدريس، الطبعة الأولى، دار صفاء للطباعة والنشر والتوزيع، عمان -الأردن.
18. الادغم، رضا احمد حافظ (2004)، اثر التدريب على بعض استراتيجيات فهم المقروء لدى شعبة اللغة العربية بكليات التربية في اكتسابهم واستخدامهم لها في تدريس القراءة، رسالة ماجستير، جامعة المنصورة، كلية التربية دمياط - مصر. تم استرجاعها بتاريخ 2024/10/13 من لينك: (http://www.angelfire.com/ma4/reda1121/s6.htm)
19. بودي، زكي بن عبدالعزيز و الخزاعلة، محمد سلمان (2012)، استراتيجيات التدريس، دار الخوارزمي للنشر والتوزيع، الدمام - المملكة العربية السعودية
20. توماء، جان عبدالله (2011)، التعلم والتعليم مدارس وطرائق، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس – لبنان.
21. الجابري، كاظم كريم، وصبري، داود عبد السلام (2015)، مناهج البحث العلمي، دار الكتب والوثائق، بغداد.
22. الجمل، علي أحمد (2005)، تدريس التاريخ في القرن الحادي و العشرين: رؤية تربوية تعكس دور مناهج التاريخ في مواجهةتحديات القرن الجديد، علم الكتب للنشر والتوزيع والطباعة، القاهرة - مصر.
23. حاجي، ستار جبار (2008)، فاعلة استخدام استراتيجية التدريس التبادلي في تحصيل طلاب الصف الثامن الاساسي في مادة التاريخ و تنمية التفكير الناقد لديهم، رسالة ماجستير، جامعة دهوك، كلية التربية الأساسية، دهوك. إقليم كردستان - العراق.
24. حاجي، وعد الله حاجي (2015)، اثر استخدام استراتيجية التدريس التبادلي في تحصيل طلاب الصف السابع الاساس في مادة اللغة العربية كلغة ثانية وتنمية مهارتي صحة القراءة وسرعتها لديهم، رسالة ماجستير، جامعة دهوك، كلية التربية الأساسية، دهوك. إقليم كردستان - العراق.
25. الحارثي، مسفر عائض (2008). استخدام استراتيجية التدريس التبادلي في تنمية مهارات ما وراء المعرفة في القراءة لدى طلاب المرحلة الثانوية رسالة ماجستير، جامعة أم القرى المملكة العربية السعودية.
26. خليفاني، مولود حمد نبي (1995)، اثر أسلوب المواقف التعليمية في تحصيل التلاميذ في قواعد اللغة الكردية و رغبتهم فيها، أطروحة دكتوراه، جامعة بغداد، كلية التربية إبن رشد، بغداد - العراق.
27. الخياط، ماجد محمد (2011)، أساليب البحث العلمي، دار الراية للنشر والتوزيع، عمان -الأردن.
28. الرفوع، عاطف (2016)، مدخل في الاحصاء التربوي دار اليازوري / عمان – الأردن.
29. زاير، سعد علي و داخل، سما تركي (2016)، المهارات اللغوية بين التنظير و التطبيق، دار المنهجية النشر والتوزيع، عمان -الاردن.
30. زيتون، عيش (2005)، أساليب تدريس العلوم، البطعة الاولى، الاصدار الخامس، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان - الاردن.
31. سلامة، عادل أبو العز واخرون (2009)، طرائق التدريس العامة - معالجة تطبيعية معاصرة، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان - الاردن.
32. السلطاني، حمزة هاشم و محمد، وفية جبار (2020)، استراتيجيات حديثة في التدريس، الطبعة الأولى، دار المنهجية للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.
33. سمرة، عماد محمد عبد العزيز (2019). فاعلية استخدام تقنية الانفوجرافيك في تنمية التحصيل المعرفي ومهارات التفكير البصري والرغبة في التعلم لدى عينة من طلبة المرحلة الاعدادية الدارسين على نظام ابنائنا في الخارج، مجلة عجمان للدراسات والبحوث، المجلد (18)، العدد (1)، ص 1 – 290.
34. شحاتة، حسن و النجار، زينب (2003)، معجم المصطلحات التربوية والنفسية، دار المصر للنشر والتوزيع، القاهرة - مصر.
35. عباس، محمد خليل و آخرون (2007)، مدخل الى مناهج البحث في التربية وعلم النفس، دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة، عمان - الاردن.
36. عبدالعظيم، احمد منصور (2022)، فنون الادب وتنميتها، دار الكلمة للنشر والتوزيع، القاهرة - مصر.
37. العزاوي، رحيم يونس كرو (2007)، المنهل في العلوم التربوية: القياس والتقويم في العملية التدريسية، دار دجلة للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.
38. عودة، احمد سليمان والخليلي، خليل يوسف (2000)، الاحصاء للباحث في التربية والعلوم الانسانية، الطبعة الثانية، دار الأمل للنشر والتوزيع، اربد - الأردن.
39. فان دالين، ديو بولد (2007)، مناهج البحث في التربية وعلم النفس، ترجمة: محمد نبيل نوفل وآخرون، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة - مصر.
40. فهمي، مصطفى و القطان، محمد علي (1977). علم النفس الاجتماعي، الطبعة الثانية، مطبعة الخانجي للنشر، القاهرة - مصر.
41. قرمان، محمود مسلم عطية (2014) فاعلية استخدام استراتيجية خرائط المفاهيم على تحصيل البلاغة والاتجاه نحوها لدى طالبات الصف الحادي عشر بغزة، رسالة ماجستير، الجامعة الاسلامية بغزة، كلية التربية، غزة - فلسطين.
42. الكبيسي، وهيب مجيد (2010)، الإحصاء التطبيقي في العلوم الاجتماعية، مؤسسة مصر، مرتضى لكتاب العراقي، بغداد - العراق.
43. الكعبي، كرار عبد الزهرة (2018)، استراتيجيات حديثة في التعليم والتعلم، الطبعة الأولى، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان - الأردن.
44. المشهداني، شفاء اسماعيل ابراهيم (2008). أثر استراتيجية الخريطة الدلالية والتدريس التبادلي في تنمية القراءة الجهرية لدى تلامذة الصف الخامس الابتدائي، اطروحة دكتوراه، جامعة بغداد، كلية التربية ابن رشد، بغداد - العراق.
45. الموسوي، نجم عبدالله و شرهان، رنا جبار(2020)، التعلم النشط(أفكاره.. نظرياته.. واستراتيجياته)، الطبعة الأولى، دار المنهجية للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.
46. الموسوي، نجم عبدالله و شرهان، رنا جبار(2020)، التعلم النشط(أفكاره.. نظرياته.. واستراتيجياته)، الطبعة الأولى، دار المنهجية للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.
47. نايل، احمد جمعة احمد (2006)، الضعف في اللغة (تشخيصه وعلاجه)، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية – مصر. تم استرجاعها بتاريخ 2024/10/13 من لينك: (https://www.noor-book.com/book/review/363835)
48. نبي، مولود حمد و الخالد، عامر خالد (2014)، أثر استعمال استراتيجية العصف الذهني في تحصيل طلاب الصف الثاني عشر في مادة الأدب والنصوص وتنمية الدافعية لديهم لتعلمها، مجلة جامعة زاخو، المجلد2(B)، العدد1: ص 176 – 192.
49. نبي، مولود حمد وحاجي، ستار جبار (2022)، مناهج البحث في العلوم التربوية والنفسية، دار الوضاح للنشر، عمان – الأردن.
50. الوكيل، حلمي أحمد و المفتي، محمد أمين (2007) أسس بناء المناهج وتنظيماتها، الطبعة الثانية، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة عمان - الأردن.
51. العبيدي، زينة طه حسون (2013)، اثر استراتيجية التدريس التبادلي في تنمية بعض مهارات التفكير الابداعي لدى تلاميذ الصف السادس الابتدائي وميلهم نحو القراءة العربية، مجلة ابحاث كلية التربية الاساسية - جامعة الموصل، المجلد (12)، العدد (4)، (ص 75 - 114).
52. Leanne, Clark D. (2003) Reciprocal teaching strategy and adult high school students un published M.A., Kean university.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-22

# "The Effectiveness of Teaching Kurdish Reading Using the Reciprocal Teaching Strategy in Developing Reading Motivation among Sixth Grade Basic Students"

(Extracted from MA Thesis)

**Salah M Tahir Mohammadali[1], Sattar Jabbar Haji[2]**

1- Department , Bardarash Technical Institute, Akre University for Applied Sciences, Kurdistan region-Iraq
2- Department ,College of Education, Univertsity of Zakho, Kurdistan region-Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **June, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | |

**Keywords**

**Effectiveness, Kurdish Reading, Reciprocal Teaching Strategy, Developing Reading Motivation, Basic Stage**

**Corresponding Author**

salahsaid360@gmail.com
sattar.haji@uoz.edu.krd

## Abstract:

The aim of this study was to determine the effectiveness of using the reciprocal teaching strategy in teaching Kurdish reading on the development of reading interest among sixthgrade basic students. The researcher employed an experimental design with two equivalent groups. The study population consisted of all male sixth-grade students (N = 557) in the Bardarash district center during the 2024–2025 academic year. Two schools were purposively selected for the sample: Bardarash Basic School and Sangar Basic School. Bardarash School was randomly assigned as the experimental group (n = 20 students from Section B), while Sangar School served as the control group (n = 22 students from Section B). The experimental group received instruction using the reciprocal teaching strategy, whereas the control group was taught through traditional methods. A 28-item researcherdeveloped reading interest scale was administered as a pretest and post-test to both groups. After calculating the mean gain scores and conducting statistical analyses using an independent samples t-test, the results revealed a statistically significant difference between the two groups in favor of the experimental group. Based on these findings, a number of recommendations were made by the researchers, and suggestions for future research were made.